# علم الكردولية بين الأيديولوجية الروسية القيصرية والسوفيتية

د.بيوەند محمد حمد

جامعة سوران/ كلية الاداب /قسم التاريخ

Paywand.hamad@soran.edu.iq

**الكلمات المفتاحية**: الكردولوجيا، الأيديولوجيا، القيصرية، السوفيتية، القبيلة، الطبقة.

**كيفية اقتباس البحث**

حمد , بيوەند محمد , علم الكردولية بين الأيديولوجية الروسية القيصرية والسوفيتية,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آذار ٢٠٢٦, المجلد:١٦, العدد:٣.

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**Registered مسجلة في**
**ROAD**

**Indexed مفهرسة في**
**IASJ**

# Kurdology between Tsarist and Soviet Russian Ideology

**Paywand Mohammed Hamad**
**Soran University / Faculty of Arts /Dept. History**

**Keywords** : Kurdology, Ideology, Tsarist, Soviet, Tribe, Class.

**How To Cite This Article**
Hamad , Paywand Mohammed , Kurdology between Tsarist and Soviet Russian Ideology,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, March 2026,Volume:16,Issue 3.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

## Abstract

This study examines Kurdish studies (Kurdology) through the lens of two distinct ideologies across two separate eras. The Tsarist and Soviet states represent two distinct political and social phases; this distinction is reflected in all aspects of life, both material and moral, where ideas and knowledge were significantly influenced by these political shifts. Clearly, both Tsarist Russia and the Soviet Union placed great importance on Kurdish studies. Consequently, it is essential to elucidate the distinctions and characteristics of Kurdology between these two periods. To this end, specific Kurdologists have been selected to represent these two ideologies, as their perspectives are intrinsically linked to the economic, social, and political realities of their times. In other words, ideas and knowledge generally mirror a context shaped by the dominance of a specific ideology. The methodology of this research employs discourse analysis and a comparison of Kurdish discourse across these two distinct political and epistemological systems. The results reveal that the ideologies of both the semi-capitalist Tsarist regime and the Marxist socialist Soviet Union played a significant role in shaping knowledge and

sciences; naturally, Kurdish studies were not exempt from this influence. In conclusion, while this study does not undermine the significance of Russian and Soviet Kurdologists, it questions the ideological dimensions behind the discourse of Kurdology—often presented under the guise of scientific impartiality—and fosters a critical perspective on the image imposed upon Kurds as established scientific fact.

## الملخص

تتناول هذه الدراسة مسألة الكردولوجيا (الدراسات الكردية) في ظل أيديولوجيتين مختلفتين عبر حقبتين زمنيتين متباينتين. إذ تمثل الدولة في العهدين القيصري والسوفيتي مرحلتين مختلفتين سياسياً واجتماعياً، وقد انعكس هذا الاختلاف على مجمل جوانب الحياة المادية والمعنوية، بما في ذلك الأفكار والمعارف التي تأثرت بشكل ملحوظ بتلك التحولات السياسية. ومن الواضح أن روسيا القيصرية والاتحاد السوفيتي أوليا اهتماماً كبيراً بمسألة الدراسات الكردية. وعليه، تبرز أهمية توضيح الفوارق وخصائص الكردولوجيا بين هاتين المرحلتين. ولهذا الغرض، تم اختيار نخبة من الكردولوجيين لتمثيل هذين التوجهين، نظراً لارتباط رؤاهم بالواقع الاقتصادي والاجتماعي والسياسي لعصرهم؛ فالأفكار والمعارف عموماً هي انعكاس لظروف تتشكل تحت تأثير وهيمنة أيديولوجيا معينة. يعتمد منهج البحث على تحليل الخطاب والمقارنة بين خطاب الكردولوجيا في ظل نظامين سياسيين ومعرفيين مختلفين. وتخلص النتائج إلى أن أيديولوجية كل من النظام شبه الرأسمالي في روسيا القيصرية والنظام الاشتراكي الماركسي في الاتحاد السوفيتي لعبت دوراً مؤثراً في صياغة المعارف والعلوم، ولم تكن الدراسات الكردية بمنأى عن هذا التأثير. ختاماً، ورغم أن هذه الدراسة لا تقلل من شأن الكردولوجيين الروس والسوفيت، إلا أنها تضع الأبعاد الأيديولوجية الكامنة خلف خطابهم -الذي يُطرح تحت غطاء الحياد العلمي- موضع تساؤل، مما يبلور رؤية نقدية للصورة النمطية التي فُرضت على الكرد كحقيقة علمية مسلم بها.

### کوردناسی لەنێوان ئایدیۆلۆژیای رووسیای تزاریی و سۆڤێتییدا

د. پەیوەند محەمەد حەمەد

Paywand.hamad@soran.edu.iq

**زانکۆی سۆران / فاکەڵتی ئاداب / بەشی مێژوو**

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە لە پرسی کوردناسی (Kurdology) لەنێوان دوو ئایدیۆلۆژیا و دوو سەردەمی جیاوازدا دەکۆڵێتەوە. دەوڵەت لە قۆناغی رووسیای تزاری و سۆڤیەتیدا، لەرووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە دوو قۆناغی جیاواز پێکدەهێنن؛ ئەم جیاوازییەش ڕەنگدانەوەی بەسەر سەرجەم کایەکانی ژیانی ماددی و مەعنەوییدا هەبووە، بەجۆرێک کە مەعریفە و ئایدیاکان بەڕادەیەکی بەرچاو کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی ئەو گۆڕانکارییە سیاسییانەوە.

هەروەک ئاشکرایە، هەردوو قۆناغی ڕووسیای تزاری و یەکێتیی سۆڤیەت، گرنگییەکی زۆریان بە کوردناسی داوە، بۆیە پێویستە تیشک بخرێتە سەر جیاوازی و تایبەتمەندییەکانی گوتاری کوردناسی لەنێوان ئەو دوو قۆناغەدا. بۆ ئەو مەبەستە، چەند کوردناسێکی دیاریکراو وەک نوێنەری ئەو دوو ئایدیۆلۆژیایە هەڵبژێردراون، چونکە دیدگا و تێڕوانینەکانی هەر یەکێکیان، پەیوەستە بە هەلومەرج و واقیعی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسیی سەردەمەکەیانەوە. بەواتایەکی تر، ئایدیا و مەعریفەکان بەگشتی ڕەنگدانەوەی دۆخێکن کە لەژێر کاریگەری و هەژموونی ئایدیۆلۆژیایەکی باڵادەستدا ڕۆڵ دەگێڕن.

میتۆدی توێژینەوەکە بریتییە لە "شیکاریی گوتار" و "بەراوردکاری" لەنێوان گوتاری کوردناسیی دوو سەردەم و دوو سیستەمی سیاسی و مەعریفیی جیاوازدا. ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئەوە دەخەنە ڕوو، کە ئایدیۆلۆژیای هەردوو دەسەڵاتی "نیمچە سەرمایەداریی ڕووسیای تزاری" و "سۆشیالیزمی مارکسیی سۆڤیەتی"، ڕۆڵێکی کاریگەریان لە ئاڕاستەکردن و دارشتنی مەعریفە و زانستەکاندا بینیوە، کە بێگومان پرسی کوردناسیش لەم کاریگەرییە بەدەر نەبووە. دەرەنجام، ئەگەرچی ئەم توێژینەوەیە لە گرنگی و بایەخی بەرهەمی کوردناسانی ڕووسی و سۆڤیەتی کەم ناکاتەوە، بەڵام هاوکات ئەو ڕەهەندە ئایدیۆلۆژییانەی پشت گوتاری کوردناسی دەخاتە ژێر پرسیارەوە کە لەژێر دروشمی "زانستیبوون" و "بێلایەنی"دا خۆیان حەشار داوە، بەمەش دیدێکی ڕەخنەیی بەرامبەر ئەو وێنەیە دروست دەکات کە وەک "ڕاستییەکی زانستی" بەسەر کورددا سەپێنراوە.

**وشە سەرەکییەکان** (کوردناسی، ئایدیۆلۆژیا، تزاری، سۆڤیەتی، هۆز، چین).

**١,١ بەرایی**

کوردناسی وەک مەعریفەیەکی سەربەخۆ لەهەناوی ڕۆژهەڵاتناسیی لەدایک بووە، هەڵبەتە ئەو مەعریفەیە یاخود با بڵێین ئەو زانستە لەکۆمەڵێک لایەنەوە سود و بایەخێکی زۆری بە مێژووی کورد لە ڕووی (سیاسیی، کۆمەڵایەتی و کەلتووریی و زمان و ئەدەبی) کوردییەوە گەیاندووە، تا ئێستاش گرنگی خۆی وەک سەرچاوەیەک بۆ توێژینەوە ئەکادیمییەکان لەدەست نەداوە، بەتایبەت بۆ کۆمەڵگەیەکی هاوشێوەی کورد، کە لە بۆشایی نەبوونی خزمەتگوزاری پەروەردەیی و کەمی خوێندنەواریی و ناوەندەکانی خوێندن، ئەمەش بەو واتایە دێت، کە کورد بۆخۆی بەشدارییەکی سنووورداری هەبووە لە نووسینەوەی مێژووی خۆی. ڕۆژهەڵاتناسیی بەگشتی و توێژینەوەکانی ڕووسیی و سۆڤێتی بەتایبەتی یەکێکن لە گرنگترین بەشدارییەکانی کوردناسی لەماوەی سەدەی نۆزدەهەم و سەدەی بیستەم، لەوەش زیاتر لەژێر کاریگەریی ئەو زەمینەسازییە بۆ خوێندن و لێکۆڵینەوە لەسەر کوردناسی، بەشێک لە دەستەبژێر و ڕۆشنبیری کورد لە وڵاتانە توانیان بڕوانامەی خوێندنی باڵا لە مێژوو و ئەدەب و زمانی کوردیی بەدەست بێنێن، کە لەو ڕێگەیەوە زانستی کوردناسیی گەیشتە ئاستێکی باڵاتر. ئەو توێژینەوەیە سەرنجی لەسەر کاریگەریی ئایدیۆلۆژیای دوو دەوڵەت و دوو سیستەمی جیاوازە دەربارەی ئەو بابەتە، هەڵبەتە لەوەشدا دەکرێ کاریگەریی دەوڵەت و سیستەم لەسەر جۆری بەرهەمهێنانی جۆرێتی مەعریفە و زانستەکان

بەشێوەیەکی گشتی درکی پێ بکرێت، لەوەشدا پرسی ڕۆژهەڵاتناسی لەناوەندە توێژینەوە و ئەکادیمییەکان بەڕاشکاوانە وەک بابەتێکی بارگاوی بە ئایدیۆلۆژیا مشتومڕی لەسەر دەکرێت.

**کێشەی توێژینەوەکە:** بەشێکی زۆر لە توێژەرەکان سەرچاوەکانی کوردناسیی وەک فاکتێکی ڕاستی لە توێژینەوەکانیان بەبێ خوێندنەوە ڕەخنەییانە سود لە زانیارییەکانیان وەردەگرن و بەکار دێنن، واتە دەکرێ هەندێ زانیاریی لەسەر کورد خرابێتەڕوو، کە دەکرێت لە بنەڕەتدا هەڵە بێت و بە سەر شوناسی کوردا سەپێنرا بێت، چونکە گومان دەکرێ بەشێکی زۆری ئەو زانیارییانە ڕەهەندێکی ئایدۆلۆژیی مەبەستدار لەپشتییەوە بێت، دووربێت لە بنەماکانی زانستی بوون، بۆیە ئەو توێژینەوەیە بە پێویستی زانییوە یاخود هەوڵیداوە سەرنج بخاتە سەر لایەنە ئایدۆلۆژییاکانی پشت گوتاریی کوردناسیی. هەروەها کێشەی سەرەکی توێژینەوەکە خۆی لە زۆریی و بەرفراوانی کوردناسەکانی ڕووسیی و سۆڤێتیدا دەبینێتەوە، ئەمەش وادەکات نەتوانرێت بە شێوەیەکی گشتی باس لە بەرهەم و نووسینەکانی سەرجەم ئەو کوردناسانە بکرێت.

**گرنگی ئەو توێژینەوەیە** خۆی لە چەند لایەنێکی جیاوازدا دەبینێتەوە، لایەنێکیان ئەوەیە، کە گوتاری ڕۆژهەڵاتناسیی بە دیاریکراویی کوردناسیی سەرچاوەیەکی گرنگی توێژینەوە ئەنترۆپۆلۆژی، ئارکیۆلۆژی، مێژوویی، کەلتووریی، زمان و ئەدەبییەکانی ئێمەیە، بۆیە گرنگە ئەو گوتارە بەشێوەیەکی ورد و وریاوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، لەبەرئەوەی ئەو مەعریفەیە وێرای لایەنە ئەرێنییەکانی تارادەیەکی زۆر جێگای سەرنج و تێبینیشە، بەوەی هەمیشە بەریەککەوتن و کاریگەریی لەگەڵ ئایدیاکانی سەردەمی خۆی هەبووە، هەروەها خاڵێکی تر بریتییە لەوەی گوتاری ڕۆژهەڵاتناسی لە سەر بنەمای خوێندنەوە بۆ ئەویتر دامەزراوە، دەکرێ ئەوەش وەک تێڕوانین یاخود ئایدیای لایەنێک لەبارەی لایەنێکی تر لەقەڵەم بدرێت، بەو واتایە ڕۆژهەڵاتناسی بەرلەوەی مەعریفەیەک یاخود زانستێک بێت هەڵگری ڕەهەندێکی ئایدیۆلۆژیشە. لەهەمان کاتدا ئەو گرنگیدانە بە کورد لەچوارچێوەی ڕۆژهەڵاتناسی- کوردناسیی لەقۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر جیاوازە، لەبەرئەوەی پەیوەستە بە گۆڕانکارییە سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و سیستەمەکان بەگشتی، بۆیە گرنگە ئێمە لەڕێگەی خوێندنەوە و ڕاڤەکردنی ئەو گوتارە دید  و تێڕوانینەکانی کوردناسیی لەنێوان هەردوو سیستەمی نیمچە سەرمایەداریی تزاریی و سۆشیالیزمی سۆڤێتی بخەینەڕوو. کورد بۆ ناسین و تێگەیشتن لەخۆی، خۆی پەیوەست بە دید و بۆچوونی ئەوانی تر کردووە، واتە لەڕێگەی گوتاری کوردناسییەوە کورد وێنا و شوناسێکی تایبەت بەخۆی بونیاد نەناوە، بەڵکو وێنەیەکی پێدراو لەلایەن ئەوانی ترەوە بووە. ئەمەش لە ئەنجامی بۆشایی و نەبوونی دیدی ڕەخنەیی بۆ سروشت و تایبەتمەندیی ئەو گوتارە دەگەڕێتەوە، بۆیە کورد پێویستە لەگۆشە نیگای خۆییەوە جارێکی تر فۆرمولەی ئەو مێژووە یاخود ئەو وێنە پێدراوە بکاتەوە.

**ئامانج و پرسیاری توێژینەوەکە،** خۆی لەچەند لایەنێکی جیاواز دەبینێتەوە، یەکێ لەو ئامانجانە بریتییە لە خستنەڕوو و شیکردنەوەی کاریگەریی ئایدیۆلۆژیا لەسەر مەسەلەی کوردناسی، هەرچەندە کوردناسە ڕووس و سۆڤێتییەکان خزمەتێکی زۆریان بە کەلتوور و زمان و مێژووی کورد

و کوردناسی بەگشتی کردووە، بەڵام لەهەمان کاتدا پێویستە پاڵنەرە شاراوەکانی پشت ئەو گرنگیدانە بە کورد بخرێتە بەرباس، بەوەی ئایا چی وایکردووە ئەمان گرنگی بە مێژووی کورد بدەن؟ ئایا سروشتی ئەو گوتارە و ستراتیژییەتی گرنگیدان بە کورد لە ڕەوتی مێژوودا بەیەک میتۆد و پارادایم بووە؟ بەتایبەت ئەو دابڕانە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەی رووسیا لەنێوان تزاری و سۆڤێتیدا هاتە ئارایەوە، تاچەند ڕەنگدانەوەی لەسەر چۆنێتی باس و خواسی کورد دروستکرد؟ دەکرێ بە گەڕانەوە بۆ چوارچێوەیەکی مێژوویی و ئایدیۆلۆژیی ئەو دوو سەردەمە جیاوازە، وەڵامی ئەو پرسیارانە بدرێتەوە.

لەسەر بنەمای ئەو پرسیارانەی پێشوو، **میتۆدی توێژینەوەکە** بریتییە لە ڕاڤەکردنی گوتاریی (Analytic Discourse)، کە پشت بە شیکردنەوە و بەراوردکاریی بۆ سرووشت و تایبەتمەندیی گوتاریی (ڕۆژهەڵاتناسیی – کوردناسی) هەردوو سەردەمی تزاریی و سۆڤێتی دەبەستێت، لەو ڕێگەیەوە کلیلی جیاوازیی و تایبەتمەندییەکانی ئەو دوو سەردەمە و کاریگەریی لە سەر پرۆژەی کوردناسی دەخاتەڕوو. هەروەها سرووشتی ئەو میتۆدە چۆنایەتییە هاوکارە بۆ ئاشکراکردنی هەژموون و باڵادەستی ئایدیۆلۆژیا. سەرچاوە و داتاکانی ئەو توێژینەوەیە تاڕادەیەکی بەرچاو سنووردارە، واتە پشت بە کۆمەڵێک سەرچاوەی تایبەتمەند بەستراوە. ئامانج لەوەش بریتییە بووە لەوەی توێژینەوەکە لە ناو جەنجاڵی سەرچاوە و کوردناسەکان خۆی ون نەکات، یا بەلایەنی کەمەوە خۆی دوور بگرێت لە زیادەڕۆیی زانیارییەکان، ئەمەش لەپێناو ئەوەی توێژینەوەکە سەرنجی زیاتری لە سەر دەرخستنی ڕووە ئایدیۆلۆژییەکانی گوتاری کوردناسیی بێت.

ئەو توێژینەوەیە سێ تەوەر لەخۆ دەگرێت، تەوەری یەکەم لە چوارچێوەیەکی تیۆریدا کۆمەڵێک دەستەواژە و تێرمی وەک (ڕۆژهەڵاتناسی، ئایدیۆلۆژیا) پاڵپشت بۆ کۆمەڵێک پارادایم و تیۆر خوێندنەوە بۆ ئەو بابەتانە کراوە. لە تەوەری دووەمدا، باس لە ڕەگ و ریشەی دەرکەوتنی گوتاری ڕۆژهەڵاتناسی بەگشتی کوردناسی بەتایبەتی لەنێوان دوو سەردەمی جیاواز هەردوو دەوڵەتی رووسیای تزاریی و سۆڤێتی کراوە. لەو تەوەرەدا هەوڵدراوە لەچوارچێوەی ئایدیۆلۆژیا دەوڵەتدا، سروشت و تایبەتمەندیی ئەو گوتارە بخرێتە بەر خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی. لە دوا تەوەریشدا وەک نموونەیەک لە ناو ئەو ژمارە زۆرەی کوردناسانی ڕووسیی و سۆڤێتی، لەسەر بنەمای دوو بابەتی سەرەکی (لە خێڵەوە بۆ چینایەتی) و (پرسی کورد و گوتاریی کوردناسیی) هەوڵدراوە دید و تێڕوانینی ئەو کوردناسانە سەبارەت بەو لایەنانە ڕاڤە بکرێت، واتە زیاتر لەڕووی مێژوویی و کۆمەڵایەتیی و سیاسیی مشتومڕی لەسەرکراوە.

### ١,٢ چوارچێوەیەکی تیۆری دەربارەی ئایدیۆلۆژیا و ڕۆژهەڵاتناسی

**١,١,٢ ئایدیۆلۆژیا** یەکێک لە پرنسیپ و بانگەشەکانی زانست و توێژینەوە ئەکادیمیەکان بریتییە لە ڕەتکردنەوەی دیدی ئایدیۆلۆژییانە بۆ هەر بابەتێکی کۆمەڵایەتی و مێژوویی و سیاسیی، بەڕادەیەکی زۆر زانستە کۆمەڵایەتییەکان چەمکی ئایدیۆلۆژیا و کاریگەرییەکانی بە ڕەهەندێکی نەرێنی و بێزراو دەبینن، ئەمەش وایکردووە توێژەرە ئەکادیمیستەکان بە هەستیارییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو لایەنە بکەن، لەبەرئەوە زۆرجار لە دیدی زانستەوە بانگەشەی ئەوە دەکرێت، کە ئایدیۆلۆژیا ئەرکی شێواندنی حەقیقەت لە ئەستۆ دەگرێت. لەهەمان کاتدا خۆشی لەسەر بنەمای دۆزینەوەی

حەقیقەت بە پشتبەستن بە کۆمەڵێک میتۆد و تیۆری زانستی دارشتووە، کە ئەنجامە بەدەستهاتووەکانی تارادەیەک کۆنکرێتی و هەڵگری حەقیقەتێکی بابەتین بەراورد بە تێڕوانینە ئایدیۆلۆژییەکان. بەریەککەوتنی پەیوەندی نێوان زانست و ئایدیۆلۆژیا، دەرگا بەڕووی کۆمەڵێک مشتومڕ و پرسی تر دەکاتەوە و ڕووبەڕووی کۆمەڵێک پرسیارمان دەکاتەوە، لەوەی ئایا ئایدیۆلۆژییەکان هەمیشە لایەنی نەرێنیان بەسەر لێکدانەوە و ورژاندنی بابەتەکان زاڵە؟ ئایا زانست بە کام میتۆد و پارادایم ئایدیۆلۆژیا ڕەتدەکاتەوە؟ یاخود ئایا زانست خۆشی هەڵگری خەسڵەت و بەرهەمهێنانی ئایدیۆلۆژییەکان نیە؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانە دەکرێ لەچەند ڕەهەندێکەوە خوێندنەوە بۆ ئەو بابەتە بکرێت، چ ئەو لایەنانەی کە ئایدیۆلۆژیا و کاریگەرییەکانی وەک خاڵێکی ئەرێنی لە ڕاڤەکردن و خوێندنەوە بۆ بابەتە کەلتووری و مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکان ڕەتناکەنەوە، چ ئەوانەشی دید و بانگەشەی تاقانەی زانست وەک حەقیقەتێکی ڕەها دەکەنە سەنتری ڕاڤەکردنی مەعریفە و گوتارەکان.

چەمکی ئایدیۆلۆژیا وەک لایەنێکی نەرینی و دژ بەزانست، زیاتر خۆی لەچوارچێوەی تێڕوانینەکانی مارکس و ئەنگڵسدا دەبینێتەوە، ئەوان لە ڕەخنەگرتن لە ئایدیۆلۆژیا ئەڵمانیدا بەشێوەیەکی ڕاشکاوانە ئاماژەیان بەوە کرد، کە ئایدیۆلۆژیا وەهمی تێگەیشتنە بۆ حەقیقەت، هەروەها ئەوە ئایدیۆلۆژیا و هوشیاریی نیە، کە ژیان دیاری دەکات، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەوە ئەزموونی مادیی ژیانە، هوشیاریی و ئایدیۆلۆژیاکان دیاری دەکات. (Marx, Engels, 1998: 42) واتە لە دیدی ئەمان ئایدیۆلۆژیا بەرلەوەی بوونێکی میتافیزیکی بێت بوونێکی ماتەرییە. سەبارەت بە لێکدانەوەی ئایدیۆلۆژیی بۆ مێژوو، مارکس و ئەنگڵس پێیانوایە، کە ئایدیۆلۆژیاکان بە هەڵە لێکدانەوە بۆ مێژوو دەکەن، بۆیە پێویستە لێکۆڵینەوە لەسەر مێژووی مرۆڤ بکرێت، چونکە حەقیقەت لەناو پرۆسەی مێژوودا دەدۆزرێتەوە نەک لە ئایدیۆلۆژیا. (Marx, Engels, 1998: 58) ڕەتکردنەوەی ئایدیۆلۆژیا لە گۆشەنیگای میتۆدی پۆزەتڤیزمییەوە دەگاتە ئاستێکی باڵاتر، لەوەش زیاتر پۆزەتڤیزمی بانگەشە بۆ یەکێتی میتۆدی و زانستی لەنێوان زانستە مرۆیی و سرووشتییەکان بەبێ ڕەچاوکردنی تایبەتمەندیی و جیاوازیی نێوانیان دەکات، بەتایبەت بۆ زانستە کۆمەڵایەتیەکان، کە سرووشتی توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر مەیلییان بە لای ئایدیۆلۆژیادا دەڕوات، سەبارەت بەوە (خۆرخێ لارین) پێیوایە درزی پەیوەندیی نێوان زانست و ئایدیۆلۆژیا بەرتەسکتر دەبێتەوە، بەتایبەت کاتێک کۆمەڵگای مرۆیی بابەتی سەرەکی لێکۆڵینەوەکان بێت. (کۆمەڵێک نووسەر، ٢٠٢٣: ٢١٨) هەروەها زۆرجار گوتار و ئایدیۆلۆژیا وەک دوانەیەکی دانەبڕاو کە کاریگەرییان بەسەر یەکترەوە هەیە خوێندنەوەی بۆ دەکرێت، لەوەش زیاتر پێیانوایە ئایدیۆلۆژیا ئامرازێکە بەدەست دەسەڵاتەوە لەپێناو خزمەتکردن بە خۆی، ئەمەش لەڕێگای هاوکاریی گوتارە کە دەسەڵات هەوڵدەدات هەژموونی خۆی لەوە ڕێگەیەوە بسەپێنێت. (میدیا و هیوا، ٢٠٢٣: ٣٤٨،٣٤٧) بەو واتایە ئەستەمە زانست لە بەردەم ئایدۆلۆژیا بۆ لێکۆڵینەوە لە بابەتە مرۆڤایەتییەکان تەواو سەربەخۆ بێت، ڕەنگە خواستی ڕزگاربوون لە کاریگەریی ئایدیۆلۆژیا تارادەیەک ئەرکێکی قورس بێت، یاخود بەلایەنی کەمەوە زۆرجار ئەو کاریگەرییە مەرج نییە بەشێوەیەکی روون و زەق درکی پێ بکرێت، بەڵام دەکرێ بە قووڵ بوونەوە لە پارادایمی توێژینەوەکان بە ناڕاستەوخۆ هەست بە تەوژمی ئایدیۆلۆژیا بکرێت.

هەڵبەتە لەچوارچێوەی ئەو لێکدانەوە جیاوازانە بۆ چەمک و ڕۆڵی ئایدیۆلۆژیا، دەکرێ بووترێت لەدوای ڕەتکردنەوە و ڕەخنە ڕادیکاڵەکانی مارکس و ئەنگلز سەبارەت بە ڕۆڵی ئایدیۆلۆژیا لە ڕاڤەکردنی هەر بابەتێکی کۆمەڵایەتی، کۆمەڵێک تێگەیشتنی تر لەدایک بوون، کە تاڕادەیەک نەرمونیانەتر مامەڵەیان لەگەڵ چەمکی ئایدیۆلۆژیا کرد. مارکسیزمی دوای مارکس و ئەنگلز وێنەیەکی جیاوازتریان بۆ ڕۆڵی ئایدیۆلۆژیا کێشا، بەو واتایە چیتر ئەو چەمکە بێزراو و قێزەونە نەبوو، کە مارکس و ئەنگلس بەرگێکی وەهایان خستەبووەبەر، بەوەی ئایدیۆلۆژیا هەمیشە ڕۆڵی شێواندنی حەقیقەت بگێڕێت و وەهمی سیاسیی و فیکری چینی باڵا دەست بێت.

لەبەرامبەر تێڕوانینە نەرێنییەکان سەبارەت بە ئایدۆلۆژیا، بۆچوونێکی تر هەیە پێیوایە ئایدۆلۆژیا کۆمەڵێک مانا و هێمای ئەرێنیش لەخۆ دەگرێت، واتە مەرج نیە جەوهەری ئایدۆلۆژیا هەمیشە ڕەهەندێکی چەواشەکارانەی لە پشتەوە بێت، بەڵکو دەشێ هەندێک ئایدۆلۆژیا هەبن بنەماکەیان زانستی بێت، خۆرخێ لارین سەبارەت بەوە پێیوایە، خاڵە گرنگەکە ئەوەیە کە ئایدۆلۆژیا وەک خۆی چەمکێک نیە بکرێت لە زانست جیا بکرێتەوە، یاخود وەک دژە زانست سەیر بکرێت، بەڵکو دەکرێ بۆ خۆشی زانست بێت. (کۆمەڵێک نووسەر، ٢٠٢٣: ٢١٤) هەروەها تێگەیشتنی مارکسیزمی نوێ واتە نیومارکسیزم فۆرم و تێگەیشتنێکی تر بە ئایدیۆلۆژیا دەبەخشن، لەناویاندا ئاڵتووسێر، ئەو چەمکە وەک ڕەمزێکی گرنگ دەبینێت. یاخود وەک جیهانی ڕاستەقینە (Real) واتە جیهانێک کە ئێمە دوای گەیشتن بە فەزای ڕەمزیی لەچواردەوری خۆمان دروستی دەکەین و نزیکی دەکەینەوە. (دینۆ فرانکۆ، بێ ساڵ: ٥)

ڕەنگە گەورەترین شانازی بۆ هزری مارکس و ئەنگلز، کە وەک میراتێک بۆ دوای خۆیان جێهێشتبێت، ئەوە بووە ئایدۆلۆژیایان وەک بوونێکی مادیی پێچەوانەی ئایدیالیستەکان خستە بەرباس، بەڵام لەهەمان کاتدا هەوڵدانیان بۆ ڕزگاربوون لە "وەهمی ئایدۆلۆژیا" بەقەولی خۆیان تێدا سەرکەوتوو نەبوون، بەپێچەوانەوە تەنانەت تێزەکانی خۆشیان بەرلەوەی ڕەهەندێک زانستی بێت، وەک خۆیان بانگەشەیان بۆ کرد، هەڵگری خەسڵەتێکی ئایدیۆلۆژیش بوو. خاڵێکی تر زانست و ئایدۆلۆژیا بە سرووشتی خۆیان لە خاڵێکدا لێکچوونێکی بەرچاویان لەگەڵ یەکتردا هەیە، هەردووکیان ئاراستەی کارەکانیان گەیشتنە بە خاڵێکی بوونبەست و کۆنکرێتی، کە بۆ ئەو ئامانجە بانگەشەی حەقیقەتی ڕەها دەکەن، لەڕاستیشدا سیحری مانەوەیان وەک هێزێکی کاریگەر لەوەدایە، نە زانست گومان و بۆشایی بۆ خۆی بە شایستە دەزانێت، نە ئایدۆلۆژیاش هیچ کات دان بەوە دەنێت کە بڵێت من ئایدۆلۆژیام، کەواتە هیچ مەعریفەیەک نییە لەسەرووی ڕەهەندی زانستیی یا ئایدۆلۆژیی بێت، بۆیە دابڕاندنی ئەو دوو چەمکە لە ڕۆڵ و کاریگەرییان بەسەر یەکترەوە کارێکی ئاسان نییە.

**٢,١,٢ ڕۆژهەڵاتناسی:** خوێندنەوە بۆ دەرخستنی سرووشت و ئایدیۆلۆژیای کوردناسیی بەبێ گەڕانەوە بۆ چەمکی ڕۆژهەڵاتناسیی بۆشاییەکی گەورە لەدوای خۆی جێدێڵێت، بۆیە سەرەتا پێویستە هەندێ هەڵوەستە لەسەر گوتاری ڕۆژهەڵاتناسی بکەین، هەڵبەتە لێرە پێویستە لەچوارچێوەی کۆمەڵێک ڕەهەندی ئایدیۆلۆژیی جیاوازەوە مشتومڕی لەبارەیەوە بکرێت. هەر خۆی چەمکی ڕۆژهەڵاتناسیی (Orientalism) هەڵگری کۆمەڵێک ئاماژە و مانای جیاوازە. جارێ بەر لەهەر شتێک گرنگە بزانین بۆ ڕۆژهەڵاتناسیی؟ ئایا چ ئیرادەیەک لە پشت ئەو خولیا و

حەزەوە بووە بۆ ئەوەی گرنگی بە کەلتوور و مێژووی ڕۆژهەڵاتییەکان بدات؟ یاخود ئەگەر بە ڕوانگە فۆکۆیەکە سەبارەت بە گوتاری ڕۆژهەڵاتناسی بپرسین، ئەوانە کێن سەرقاڵی لێکۆڵینەوەن لە ئەرشیف و دۆکۆمێنتی گەلانی چەندین سەدەی ڕابردوو؟ ئایا بەئیرادەی خۆیان ئەو کارە دەکەن، یان لەلایەن دەزگایەکی تایبەتەوە ڕاسپێردراون؟ (کۆمەڵێک نووسەر، ٢٠١٦: ٢١) هەڵبەتە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە، ڕاستەوخۆ دەرگا بەڕووی پرسیارێکی گشتگیرتر دەکرێتەوە، لەوەی دەبێت چ ئایدیۆلۆژیایەک و هێزێک لە پشت سەرهەڵدانی ئەو گوتاردا بێت؟ ئایا دەکرێ ڕۆژهەڵاتناسی وەک بانگەشەیەکی زانستی و بێلایەن قبوڵکەین؟ یاخود دیدێکی ڕۆژئاواییانە و ئەورووپیە بۆ چەند مەبەستێکی دیاریکراو؟ یانیش دەکرێ ڕۆژهەڵاتناسی لەیەککاتدا نوێنەرایەتیی هەردوو ڕەهەندی زانستی و ئایدیۆلۆژی لەخۆ بگرێت. کە دەکرێ ئەمەیان زیاتر بە پەسەندتر بزانرێت.

وەک دیارە لەناو ئەدەبیاتی لێکۆڵینەوە ڕۆژهەڵاتناسییەکان بەشێوەیەکی فراوان باس لە چەمک و ڕەهەندە جیاوازەکانی گوتاری ڕۆژهەڵاتناسی کراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گرنگە چەمکی ڕۆژهەڵاتناسی ڕوون بکرێتەوە، بۆ یەکەمین جار چەمکی ڕۆژهەڵاتناسی (Orientalist) بۆ سەرەتای ساڵی ١٧٦٦ دەگەڕێتەوە، کە لەناساندنی بەرهەمێکی ئینۆکلۆپیدیای لاتینی ئەو چەمکە خرایە ڕوو، لە دوای ئەوە ئینجا لە بەریتانیا لە نێوان ساڵانی ١٧٧٩-١٧٨٠ دواتر پەڕییەوە ناو زمانی فەرەنسی و لە ساڵی ١٨٣٠ لە ئینسۆکلۆپیدیای ئەکادیمیای فەرەنسی بەکار هات (الاشرف، ٢٠١٦: ١٥,١٤) ؛ (هاوراز، ٢٠٠٣: ١١). هەروەها کۆمەڵێک پێناسەی جیاواز جیاواز بۆ تێرمی ڕۆژهەڵاتناسی کراوە، بەڵام ئەوەی سەرنج ڕاکێشە پێناسەکەی ئێدوارد سەعیدە، ناوبراو پێیوایە ڕۆژهەڵاتناسی جۆرکە لە کارکردنی ڕۆژئاوایی بۆ مەبەستی کۆنترۆڵکردنی ڕۆژهەڵات و سەپاندنی هێز و سەروەری خۆیان بەسەریدا، بەواتایەکی تر سەپاندنی فەرهەنگی ڕۆژئاوایە بەسەر ڕۆژهەڵات. (شاکەلی، ٢٠٢١: ١٨) (ئینگنازیۆ گویدی- Ignazio Guidi) پێیوایە ڕۆژهەڵاتناسی کەرەستەیەکە لە پێناو لێکۆڵینەوە لە هەژموونی ئاڵوگۆڕی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا (کۆمەڵێک نووسەر، ٢٠١٩: ١٢) لەبەرامبەر ئەوەدا بەشێک لە لێکۆڵەران پێیانوایە ڕۆژهەڵاتناسی گوتارێکی سەربەخۆ و دوورە لەبەرژەوەندییە سیاسیی و ئایدیۆلۆژییەکان، لای (ڕۆدی پارت Rudi Paret) ڕۆژهەڵاتناسی زانستێکە لە زمانەکانی ڕۆژهەڵات دەکۆڵێەوە (شاکەلی، ٢٠٢١: ١٧). (ئانا ماری شمیل Annemarie Schimmel) باس لەوە دەکات **" خۆرهەڵاتناسی زانستە، زانستیش هەڵگری بنەڕەت و یاسا و میتۆدی سەربەخۆی خۆیەتی"** (کۆمەڵێک نووسەر، ٢٠١٩: ١٤).

پرسی ئایدیۆلۆژیا و ڕۆژهەڵاتناسی کاریگەرییان بەسەر یەکترەوە پرسێکی تازە نیە، بەڵکو لەڕابردوودا بەشێوەیەکی ورد سەرنج خراوەتە سەر کارلێکی نێوانیان، بەواتایەکی تر ڕۆژهەڵاتناسی دروستکردنی هەژموونێکی ئایدۆلۆژییە بەپاساوی زانستەوە، تەنانەت یەکێ لەخەسڵەتەکانی ئەو بوارە بریتییە لەوەی هەر ئایدیایەک سەبارەت بە ڕۆژهەڵات وەک حەقیقەتێکی زانستی بەبێ ئەوەی ڕۆژهەڵات لەو بارەیە قسەی خۆی هەبێ لەقەڵەم دەدات. وەک ئێدوارد سەعید ئاماژەی پێداوە، زۆرجار گوتاری ڕۆژهەڵاتناسی بووەتە زمانحاڵی ڕۆژهەڵاتییەکان. (ئیدوارد سەعید، ١٢٦) هەروەها ناوبراو گریمانەی ئەوە دەکات کە، کتێبخانەکان و حکومەتەکان و نووسراوەکان هەرگیز سەربەخۆ نین لەناو کۆمەڵێک یاری ئامانجدار و مەبەست سنووردارن سەبارەت بەوە دەڵێت "

**دواجاریش ئەو پێشکەوتنەی بە هۆی "زانستی" ی وەک ڕۆژهەڵاتناسی بەدەستهێنراوە لە فۆرمە ئەکادیمییەکەی (زانینگەیی) کەمتر مەزوعیانە ڕاست."** (ئیدوارد سەعید، ٣٩٧،٣٩٧) بەڵام لەهەمان کاتدا وەک لە پێشووتر ڕوونکرایەوە، مەرج نیە هەرچی ئایدیۆلۆژیا بێت هەڵگری هیچ حەقیقەتێکی زانستی یاخود بەلایەنی کەمەوە حەقیقەتی بابەتی نەبێت.

لایەنێکی تر ڕۆژهەڵاتناسیی هەڵگری خەسڵەتێکی هێزەکییە، بەو واتایەی پەیوەستە بە باڵادەستی کەلتوورێکی دیاریکراو بەسەر کەلتوویکی تر، زۆرجار لەوەدا ئایدیۆلۆژیای دەوڵەت ڕۆڵێکی گرنگی بینووە لە ئاراستەکردن و ڕێنمایی پێدان بۆ میکانیزمی لێکۆڵینەوەکان لەسەر ناوچەیەک یاخود چەند گرووپێکی دیاریکراو. یاخود زۆرجار دەوڵەت بە تەوەری سەرەکی لە دارشتنی فیکری زانستە کۆمەڵایەتییەکان لەقەڵەمدراوە. (زەکریا قادری، ٢٠١٨: ١٦) ڕۆژهەڵاتناسی وەک هەڵگری حەقیقەت لەژێر دروشمی زانستی بوون، جێگای ڕەخنە و تێڕامانە، بە دیدی فۆکۆ هەموو حەقیقەتێک بەرهەم و دارێژراوی پەیوەندییەکانی هێز و مەعریفەیە و هەروەها ئایدۆلۆژیاش ڕۆڵی پاراستنی بەرژوەندییەکان و ئامراز و کەرەستەی دەسەڵاتە لێرە دەسەڵات تەنها بریتیی نیە لە دام و دەزگای دەوڵەت و سوپا و دامەزراوەکان، بەتایبەت فۆکۆ لەوەدا زۆر بەوردی ئەو خاڵەی ڕوونکردووەتەوە[١]. لەو توێژینەوەیەدا ئێمە سەرنجمان لەسەر ئایدیۆلۆژیایە، ئایدیۆلۆژیا وەک بوونێکی ئایدیالیستی نا، بەڵکو وەک بوونێکی ماددیی لە چوارچێوەی دامەزاوە و یاسا و ڕێساکانی دەوڵەت یاخود دید و تێڕوانینە ستراتیجییەکانی دەوڵەت بۆ مەعریفە و زانستەکان. بە واتایەکی تر دەوڵەت بە تەنها دەلالەت لە شێوەی ئایدیۆلۆژیا و ڕژێمی دیاریکراو نییە، بەڵکو ئەرکی بەرهەمهێنانی مەعریفە و میتۆدێکی تایبەتمەند بە خۆی هەیە، تا لەو ڕێگەیەوە بتوانێت دەسەڵات و ڕەنگدانەوەی بەسەر کۆی لایەنەکانی کۆمەڵگادا جێبێڵێت.

دەشێ بووترێت ڕۆژهەڵاتناسیی شێوازێکی تازەی بیرکردنەوەی ڕۆژئاوایە لەبەرامبەر ڕۆژهەڵات، تەنانەت ئەو گوتارە ڕۆژهەڵاتناسیە ڕۆڵێکی کاریگەریی لەسەر قوڵکردنەوەی جیاکاریی و جیاوازیی لەسەر بنەمای ئۆنتۆلۆژیی و ئیپستمۆلۆژییەوە لەنێوان جیهانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا بینی. (Karimi and Mahmoodi, 2015: 223) هەروەها ئەفراسیاب گرامی ئاماژەی بەخاڵێکی زۆر هەستیار سەبارەت بە دید و تێڕوانینەکانی ڕۆژئاواییەکان لەژێر پەردەی ڕۆژهەڵاتناسیی سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتییەکان کردووە، ناوبراو پێیوایە لەدید ئەوان ڕۆژهەڵات بریتییە لە ناوئاوەزمەندیی و دیکتاتۆرێتی و کۆنەخوازیی، لەبەرامبەردا ڕۆژئاوا بریتییە لە ئاوەزمەندیی و خەڵک سالاریی و مۆدێرن (ئەفراسیاب، بێ ساڵ: ١٨).

ڕۆژهەڵاتناسیی هەڵگری خەسڵەتێکی هێزەکییە، بەو واتایە ئەوە دید و ئایدیای ڕۆژئاوایە لەژێر سێبەری زانستی بوون مەعریفە و میتۆدەکانی خۆی بەسەر کەلتوورەکانی تردا دەسەپێنێت. لایەنێکی تری ئەو گوتارە خۆی لە نوێنەرایەتیکردن لەلایەن ئەوی ترەوە دەبینێتەوە، هەروەک ئیدوارد سەعید ئاماژەی پێداوە ڕۆژئاوا وەک زمانحاڵی ڕۆژهەڵاتیەکان، ئەرکی ئەو نوێنەرایەتیکردنە

---

[١] بۆ ئەو بابەتە دەکرێ بگەڕێنەوە بۆ بەشێکی زۆر لە بەرهەمەکانی میشێل فۆکۆ بەتایبەت دواهەمین بەرهەمی (مێژوویی سێکسوالیتە، سێ بەرگ) بەشێوەیەکی ورد تیۆرەی هێز و مەعریفە لە ڕاڤەکردنی بابەتەکانی ڕەنگداوەتەوە.

تەنها بریتیی نیە لە لێکۆڵینەوە لە کەلتوور و مێژوو و فەرهەنگی و جوگرافیا ناوچەکە، بەڵکو بونیادنانی کۆمەڵێک تایبەتمەندیی سەر بە دید و ئایدیای خۆیانە، واتە زۆرێک لەوچەمکانە و شوناسانەی، کە دراونەتە پاڵ ڕۆژهەڵاتییەکان بەرهەمی دونیابینی ڕۆژئاواییەکانە. کە وەک فاکتێکی زانستی دەخرێتە ڕوو، زۆرجاریش ڕۆژهەڵاتییەکان خۆیان ئەو دیدە سەپێنراوانە وەک ڕاستییەکی زانستی پەسەندیان کردووە، وەک ئیدوار سەعید ئاماژەی پێکردووە، ڕۆژهەڵاتییەکان خۆیان دەبنەوە نوێنەری کەلتووری داگیرکارەکانیان. (ئیدوارد، ٢٠١٨: ٣٩٨) لە سەرەتای ئەو تەوەرەیە ڕوونمانکردەوە، کە ڕۆژهەڵاتناسیی خۆی وەک مەعریفەیەک هەڵگری کۆمەڵێک سەرنج و تێبینییە، دەکرێ بپرسین ڕۆژئاوا بە کام لۆژیک جوگرافیای ڕۆژهەڵات، بەو هەموو ئیتنی و کەلتوورە جیاوازەکانەوە دەخاتە چوارچێوەیەکی دیاریکراو و لە ژێر چەتری زانستیبوون بەناوی "زانستی ڕۆژهەڵاتناسیی"دا یەکێتییەکی هاوبەش بۆ ئەو هەموو فرەیی و جیاوازییە بنیاد دەنێت؟ وەک دیارە لە ئێستادا چەمکی ڕۆژهەڵاتی وەک شوناسێکی هاوبەش ئاماژەیەکە بۆ کۆی ئەو نەتەوانەی کە لەو جوگرافیادا دەژین، ئەو تێگەیشتنەش بەشێکی گرنگی ئەنجامەکانی گوتاریی ڕۆژهەڵاتناسیی لەخۆ دەگرێت. لایەنێکی تری ئەو گوتارە قووڵکردنەوەی جیاوازیی ڕەگەزیی ڕۆژئاوایە وەک ڕەگەزێکی باڵا بەرامبەر بە ڕۆژهەڵات، لەبەرئەوەی ئەو چەمکە بەرلەوەی بۆ ناساندنی جوگرافیا و کەلتوور بێت بۆ جیاکاریی ڕەگەزییش بەکاردێت.

**٣. لەدایکبوونی گوتاری کوردناسی لە ڕووسیای تزارییەوە بۆ یەکێتی سۆڤێتی**

مێژووی دەرکەوتنی لێکۆڵینەوە لە کورد وەک بناغەیەک بۆ لەدایکبوونی کوردناسی لە ڕووسیا بۆ سەرەتا و ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم دەگەڕێتەوە، بەڵام بەرلەوەی ڕاستەوخۆ قسە لەسەر ڕەگ و ڕیشەی دەرکەوتنی ئەو گوتارە بکرێت، بە پێویستی زانراوە ئاوڕێک لە سرووشت و تایبەتمەندیی سەرهەڵدانی گوتاری ڕۆژهەڵاتناسیی لە ڕووسیا بدرێتەوە، چونکە هەروەک پێشووتریش جەختمان لەسەر ئەو خاڵە کردووەتەوە، خوێندنەوە بۆ ڕەهەندەکانی کوردناسی لەدەرەوەی گوتارە گشتگیرییەکە واتە ڕۆژهەڵاتناسیی ڕووبەڕووی هەندێ ئاڵۆزیی و ناڕوونی لە پرۆسەی پەرەسەندنەکانی کوردناسی دەبینەوە، بەواتایەکی تر لەبەرئەوەی کوردناسی لە هەناوی ڕۆژهەڵاتناسیی لەدایکبووە، بۆیە گرنگە سەرنج لەسەر ڕەهەندەکانی دەرکەوتنی ئەو گوتارە بێت، تا لەو ڕێگەیەوە مەعریفەی ڕۆژهەڵاتناسی پشت ئەستوور بە گۆڕانە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەکی پلەبەندیی مێژوویی بخرێتەڕوو.

بەر لە ڕووسیا، نەتەوەکانی تری خۆرئاوای ئەورووپا بەتایبەتی (ئینگلیز و فرانسەکان و ئەڵمانەکان) دەمێک بوو سەرقاڵ بوون بە لێکۆڵینەوە لە گەلانی ڕۆژهەڵات، واتە ڕووسەکان لە ڕووی پراکتیکییەوە درەنگتر گرنگیان بە بوارە دا، بەڵام لەگەڵ دەرکەوتنی ململانێی سیاسیی وڵاتانی ڕۆژئاوا و ڕووسیا لەسەر پرسی ڕۆژهەڵات، کە ئەو پرسە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە گەیشتە لوتکە، پاڵنەرێکی بەهێز بوو بۆ ئەوەی ڕووسیا زیاتر گرنگی بە لێکۆڵینەوە لە ڕۆژهەڵاتییەکان بدات، لەوەش مەبەستیی بوو هەوڵبدات گوتاری ڕۆژهەڵاتناسیی لەچوارچێوەی ئیرۆسەنتریزم (Eurocentrism) ڕزگار بکات و دیدێکی ڕووسیانە بۆ بابەتە بهێنێتە کایەوە. (Hayes, 2020: 29) لەچوارچێوەی ئەو باسەدا ئەو خاڵەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، کە دەرکەوتنی ڕۆژهەڵاتناسیی ئەوەندە پێویستییەکی زانستی نەبووە بە قەد ئەوەندەی بەرژەوەندییە سیاسیی



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

وئایدیۆلۆژییەکانیان. هێز و ململانێی ئەورووپییەکان بەتایبەت لەسەر ڕۆژهەڵات دەروازەیەکی زانستی بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕۆژهەڵاتییەکان کردەوە، کە ئامانجی لێ سودوەرگرتن بوو لە زانست بۆ مەبەستێکی تر، هەر ئەوەشە وادەکات سەربەخۆیبوون و بێلایەنی زانست بکەوێتە ژێر پرسیارەوە. پاڵنەرێکی تر بۆ ئەوەی ڕووسەکان لە هەر وڵاتێکی تر پێویستە زیاتر گرنگی بە ڕۆژهەڵاتیی و نەتەوە ئاسیاییەکان بدەن، دیدێک هەبوو لە ڕووسیای تزاری پێیانوابوو، لەبەرئەوەی ڕووسەکان لە بنەڕەتدا لە ئاسیاوە هاتوون، بۆیە دەکرێ وەک بەڕێوەبەری کەلتوورەکانی ئاسیا ڕۆڵ ببینێت، ئەو خواستەش لەگەڵ ئایدۆلۆژیای دەوڵەت لە ڕووی هەژموونی سیاسییەوە هاوتەریب بوو، بۆ ئەوەی سنوری ئیمپراتۆرییەتیەکە بەرەو ناوچە گەرمەکاندا بکشێت. (Hayes, 2020: 17) هەروەها بۆچوونێکی تر لەسەردەمی دەسەڵاتی تزاری هەبوو لەلایەن ڕۆژهەڵاتناسێکی ڕووسی بانگەشەی سیاسەتی بە ڕووسیکردنی گەلانی ئاسیای ناوەڕاستی دەکرد، (گریگۆریف) پێیوابوو پێویستە ئەو گەلانە ناچار بکرێن ببن بەڕووسیی، میکانیزمەکانی ئەو سیاسەتەش دەکرێ لەڕێگەی تێگەیشتن لە نۆرم، زمان، نەریت و مێژووی کەلتوورییەکانیەکانەوە جێبەجێ بکرێ، بەڵام وەک دیارە ئەو تیۆرەیە لەلایەن نوخبەی دەسەڵاتدارێتی دەوڵەتەوە لەڕووی کردارییەوە بەتەواوەتی جێبەجێ نەکرا، بەڵام لەهەمان کاتیشدا کاریگەریی خۆی لەسەر ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسی بەجێهێشت. (Hayes, 2020: 28) تەنانەت لە ڕووسیا ڕادەی کۆنترۆڵ و هەژموونی دەوڵەت بە سەر کۆمەڵگە و دامەزراوە فێربووەکاندا (پەروەردەییەکان) لە ئاستێکی بەرزدا بووە، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێ لە ناوچە سنوورییەکان بۆ ڕۆشنبیرەکان بەراورد بە ناوەندی دەسەڵاتی تزاریی باشتر بووە، واتە تاڕادەیەک ئازادانەتر بەشداریی کاریی پیشەیی خۆیان کردووە. (Alexander, 2009: 13)

خاڵێکی تر پەرەسەندنی لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتییەکان لە ڕووسیا بەتایبەت لە سەدەی نۆزدەهەمدا زۆرجار پەیوەندییەکی نزیک بە پێداویستییە کارگێرییەکانی ناوچە و سنورە تازە داگیرکراوەکانەوە هەبوو، کە ئەو ڕاپۆرت و لێکۆڵینەوانە بەشێوەیەکی نهێنی ئەنجام دەدرا، تەنانەت ئەرشیف و تۆماری ئەو ناوچانە هەر لە سەردەمی دەسەڵاتی تزاری تا کۆتایی دەسەڵاتی سۆڤێتیی و دوای ساڵی ١٩٩١ هەر بە نهێنی مابوونەوە و بەڕووی توێژەران داخراو بوون، هەڵبەتە لەوەشدا ئامانج لێ شاردنەوە ئیمپریالیزمی ڕووسیا بوو. (Alexander, 2009: 3) گوتاری ڕۆژهەڵاتناسیی ڕووسیا لای ئیدوارد سەعید شێوەیەکی جیاوازتری بەراورد بە ڕۆژهەڵاتناسیی ئەوروپای خۆرئاوا هەیە، لەوەشدا وەک ڕەخنەیەک ئاراستەی ناوبراو کراوە، دوای ئەوەی ئەلیکسەندەر ڕەهەندی ئیمپریالیزمی لەچوارچێوەی ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسیی دەخاتەڕوو، پێیوایە ئیدوارد سەعید بەشێوەیەک هەوڵیداوە مامەڵە لەگەڵ مەسەلەی ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسیا بکات، کە جیای بکاتەوە لە ڕۆژهەڵاتناسیی ئەوروپی بەتایبەت لە پرسی ڕۆژهەڵاتناسی وەک کەرەستەیەکی بەهێز بۆ مەرامەکانی ئیمپریالیزم، لەبەرئەوەی ناوبراو پێیوابوو ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسیا جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبووە لەگەڵ ڕۆژهەڵاتناسی خۆرئاوا. (Alexander, 2009: 3) وەک دیارە ململانێی زلهێزەکان بەتایبەت (ئەورووپای خۆرئاوا و ڕووسیا) لە سەردەمی نوێ و پێداویستییە کارگێرییەکان بە هۆی فراوانخوازیی ڕووسیا بۆ ڕۆژهەڵات فاکتەرێکی گرنگ بووە بۆ لە دایکبوونی ڕۆژهەڵاتناسیی و دواتر دابەشبوونی بۆ لایەنی وردتر وەک لێکۆڵینەوە لە گروپ و نەتەوەکان بەشێوەی جیا جیا و

پۆلێنکردنیان، لەوەشدا دەروازەیەکی گرنگ بەڕووی کورددا کرایەوە، کە دواجار بەردی بناغەی کوردناسی لەو سەردەمەدا دانرا.

سەبارەت بە دەرکەوتنی سەرەتاکانی گوتاری کوردناسیی، یاخود گرنگیدان بە کورد لەڕووی لێکۆڵینەوە کەلتووریی و مێژوویی و ئەنترۆپۆلۆجییەوە لەلایەن ڕووسەکان، بۆ کۆمەڵێک هۆکار دەگەڕێتەوە، یەکێک لەو هۆکارانە دەرکەوتنی گرنگی کوردە لەڕووی سیاسیی و جیوپۆلۆتیکی ناوچەکە، هەروەها زۆرجار کوردەکان دژ بە دەسەڵاتی عوسمانی و ئێرانی وەستانەتەوە، لەهەمان کاتدا ڕووسەکانیش لەبەر خەونی کۆنترۆڵکردنی ئاوە گەرمەکان لەگەڵ عوسمانیی و ئێرانی لە ململانێدا بوو، بەتایبەت دوای ئەوەی ڕووسیا لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەیەم توانی ناوچەکانی قەفقاز بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە. دوای داگیرکردنی ناوچەکە، ڕووسەکان پێویستییان بە دەستهێنانی پشگیری دانیشتوانی ئەو ناوچانە بوو، بۆ ئەوەش هەوڵیاندا پەیوەندییەکانیان لەگەڵ کوردەکانی قەفقازیا درووست بکەن. (ئارام عەلی:٢٠١٩: ٢٢٩) بەتایبەت ئەو کاتەی ڕووسیای تزاریی کە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی لە جەنگ دابوو، بەتایبەت ئەو جەنگەی، کە بە کریما ناسراوە، لەو ساتەوو ئەو حەز و ئارەزووە بۆ مەسەلەی گرنگیدان بە کورد زیاتر درووست بوو، هەر لە سەردەمەدا بوو زانکۆی سانت پترسبۆرگ داوای لە ئەلیسکەندەر ژابا کرد کار بۆ زانکۆکەیان بکات و هەروەها زانیاریی لەسەر ناوچە کوردنشینەکان کۆ بکاتەوە، واتە دەوڵەت بە ئاگادارییەوە هەوڵیداوە پەیوەندییەکی بەهێز لەگەڵ ڕۆژهەڵاتناسەکان ببەستێت. لەوەش زیاتر زۆرجار ئاراستەی کاری ڕۆژهەڵاتناسیی لەژێر ڕینمایی و داواکارییەکانی دەوڵەتەوە بووە. (Clemence and Marie, 2006: 15)

ئەو گۆڕانکارییە لە نەخشەی سیاسیی لەنێوان هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی بە خزانی ڕووسیا وردە وردە لە سەدەی نۆزدە گرنگی پێدان بە نەتەوەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی و ئێرانی بۆ ڕووسیا دەرکەوت، دەکرێ بگووترێت ئەوە گۆڕانکارییە سیاسییە بە فاکتەرێکی گرنگ لەقەڵەم بدرێ بۆ درووستبوونی ئاشنایەتی کورد لەلایەن ڕووسەکانەوە، وەک دیارە کاتێک دێنە سەدەی نۆزدە ئەو کاریگەرییە بەتایبەت لە سەرەتاکانی دەرکەوتنی گوتاری کوردناسی ڕووسی بەڕوونی دەردەکەوێت. یەکێکی تر لە فاکتەرە گرنگەکانی دەرکەوتنی ئەو گوتارە وەک ئاماژەمان پێدا پەیوەیستە بە شوێنە ستراتیژییەکەی کوردستان لەڕووی جوگرافی و سیاسییەوە، بۆیەش دەبینین سەرەتای گرنگیپێدانی ڕووسەکان بە کورد تەرکیزییان لە سەر دوولایەنی گرنگ بووە ئەویش کۆکردنەوەی زانیاریی و بەڵگەنامەیە لە سەر مێژوو و ئەنتۆگرفیا و جوگرافیای کوردستان. (ئارام عەلی، ٢٠١٩: ٢٣٦) بەدەستهێنانی ئەو زانیارییانە تەنها ئامانج لێی ڕەهەندە مەعریفیی و زانستییەکان سەبارەت بە مێژووی گرووپێک لە ڕۆژهەڵات نەبوو، بەڵکو بۆ ئامانجێکی سیاسییش بووە، کە دەوڵەتی ڕووسیا هەمیشە هەوڵیداوە زانیاریی تەواوی لەسەر گروپە جیاوازەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی و ئێرانی هەبێت، بەڵگەش بۆ ئەوە زۆربەی ئەو گەڕۆکە ڕووسانەی بۆ کوردستان گەشتیان کردووە وەک (بارۆن بۆدێ ، چیشیکاۆف، خاانیکۆف، مایفساکی، ڕۆمیناۆف، سامیشنۆف، ماکسایمۆڤیچ– ڤاسینکۆفسکی و باسیل نیکیتین و...هتد) کاربەدەستانی دەوڵەت بوون. (مینۆرسکی، ١٩٨٤: ٩٦،٩٧) هەروەها لە لایەکی ترەوە دەوڵەتی ڕووسیی گرنگی پێدانی بە کوردەکان لەسەرەتاکاندا بۆ ئامانجێکی سەربازیی بووە، تاڕادەیەکیش لەوەدا سەرکەوتوو

بووە، وەک ئارام عەلی ئاماژەی پێداوە دەڵێت" **دوای ئەوەی دەسەڵاتدارانی روسیا لە پایەتەخت و کاربەدەستانی سەربازیی و ئیداریی لە پشتقەفقاز گرنگی کوردیان لە ناوچەکە و پێویستی ڕاکێشان یان بێلایەنکردنی کوردیان بۆ دەرکەوت و کۆمەڵێک زانیاری بە بەرنامە و ئاراستەکراو لەسەر کورد کۆکرایەوە، بڕیاردرا لە ئاستێکی بەرزتر و بەشێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی کار لەو بەشەی ڕۆژهەڵاتناسییدا بکرێت، کە وردە وردە بۆ کوردناسیی و لێکۆڵینەوەی تایبەت بە زمان، کولتوور، مێژوو و ئەنتۆگرافیا، جیا لە ئێرانناسیی و لقەکانی تری ڕۆژهەڵاتناسیی بگۆڕێت، بۆ ئەو مەبەستەش چ لەناو ڕوسیادا بە ڕاسپاردەی ئەکادیمیای زانستەکان و زانکۆکان- وەک پیوتەر لێرخ؛ چ لەدەرەوەش، وەک دیپلۆماتکار و نوێنەرانی ڕوسیا- وەک ئەلیسکەندەر ژابا ڕاسپێردران**". (ئارام عەلی، ٢٠١٩: ٢٤٠)

سەرەتای دەرکەوتنی خوێندن و توێژینەوەی سەربەخۆ لەسەر کورد لەناو لقی ئێرانناسییدا کۆمەڵێک دەلالەت و ئاماژەی تایبەت بە ئایدیۆلۆژیا و تێڕاوانی دەوڵەتی ڕووسیای تزارییەوە هەیە، بەو واتایە ڕووسیا کورد وەک شوناسێکی جیاواز، کە هەڵگری کۆمەڵێک تایبەتمەندی بەخۆی لە رووی کەلتووریی و مێژوویی و جوگرافیاوە جیا لە نەتەوەکانی تر مامەڵەی لەگەڵدا دەکات.

یەکێک لەو بەرهەمە مێژووییانەی کورد، کە سەرنجی ڕۆژهەڵاتناسەکانی ڕووسیای بەلای خۆیدا ڕاکێشا بریتیی بوو لە کتێبی"شەرەفنامە"ی شەرەفخانی بەدلیسی، هەرچەندە پێش ڕووسەکان ڕۆژهەڵاتناسە ئەورووپییەکان و گەریدەکانی تر هەندێ ئاشنایەتی سەرەتاییان لەسەر ئەو بەرهەمە بەدی هێنابوو، لە ساڵی ١٧٧٦ یەکێ لە نووسەر ئەورووپییەکان بە ناوی (دێربلۆ) ئاماژەی بە بەرهەمی شەرەفنامە کردووە. (کۆمەڵێک نووسەر، ٢٠٠٨: ٢٩٣) (جۆن مالکۆلم) وەک یەکەمین ئەورووپی دەستی بە دەستنووسی شەرەفنامە گەیشت، دواتر پێشنیاری چاپکردن و وەرگێرانی پێشکەشی بە کۆمیتەی وەرگێرانی بەریتانیا کرد، بەڵام وەک دیارە ئەو کارە ئەنجام نەدرا، وەک دەوترێ قەدەری چاپکردنی ئەو بەرهەمە بۆ ڕووسەکان مایەوە. (هەردی، ٢٠٢٢: ٤٨،٤٧) گرنگی شەرەفنامە بۆ کورد تەنها خۆی لە بەرهەمێکی نوسراوی مێژووی کوردستان نابینێتەوە، بەڵکو کۆمەڵێک ڕەهەندی کاریگەر لە خۆ دەگرێت، ئەو بەرهەمە سەلماندنی جیاوازیی و تایبەتمەندیی کەلتوور و شوناسیی کوردە لەناو ئەدەبیاتی نووسراوی نەتەوەکان، هەروەها بناغەی داڕشتنی گوتاریی کوردناسیی ڕووسیا و پارێزگاریکردن لە شوناسێکە کە خۆی جیا دەکاتەوە لە هەر لکاندێکی بە نەتەوەکانی فارس و توورک و عەرەب.

شەرەفنامە بەرلەوەی وەرگێرانی بۆ سەر زمانی کوردی بکرێت، ڕۆژهەڵاتناسە ڕووسەکان هەوڵی وەرگێرانی ئەو بەرهەمەیان بۆ زمانی فەرنسی و ڕووسی دابوو، دوای ئەوە ئینجا (ئەلیسکەندەر ژابا) بەڕێنمایی و ڕاسپاردەی کاربەدەستانی دەوڵەتی ڕووس داوای لێدەکرێت، گرنگی بە زمانی کرمانجی و کۆکردنەوەی سەرچاوە و دەستنووسەکان سەبارەت بە کورد بدات، ناوبراو لەو کاتەدا کۆنسڵی ویلایەتی ئەرزەڕووم بووە، ئەویش لای خۆیەوە بەهۆی ئەو ئاشنایەتیەی کە لەگەڵ (مەلا مەحموودی بایەزیدی)دا هەبووە، پێشنیاری وەرگێرانی شەرەفنامەی لە زمانی فارسییەوە بۆ کوردیی-کرمانجی بۆ ناوبراو کردووە. (کۆمەڵێک نووسەر، ٢٠٢١: ٢٨٢،٢٨٠)

لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم کوردناسیی لە ڕووسیا بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەی کرد. بەتایبەت دوو لە کاریگەرترین بیرمەندانی کوردناسیی (ڤلادیمێر مینۆرسکی ١٨٧٧-١٩٦٦) و (ڤاسیل نیکیتین ١٨٥٥-١٩٦٠) هەردووکیان کاربەدەست و دیبلۆماتکاریی

دەوڵەتی ڕووسیا لە ئێران و دەوڵەتی عوسمانی بوون، کوردناسیی ڕووسی هێندەی تر بەرەو کرانەوە و فراوانی چوو. (Leezenberg, 2011:4)

لە سەرەتای چارەگی یەکەمی سەدەی بیستەمەوە کوردناسیی دەچێتە قۆناغێکی جیاواز، هاوکاتە لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی ڕووسیای ساڵی ١٩١٧ و دواتر دامەزراندنی یەکێتی سۆڤێتی، هەڵبەتە ئەو گۆڕانە سیاسیی و کۆمەڵایەتییە ڕەنگدانەوەی لەسەر کایە مەعریفیی و ڕۆشنبیرییەکان درووست کرد، واتە هەر دابڕانێکی سیاسیی و ئایدۆلۆجی نەبوو، بەڵکو کۆمەڵێک گۆڕانکاریی لە تێگەیشتن بۆ زانست و مەعریفەکان لەگەڵ خۆی هێنایە ئاراوە. هەرچەندە تارادەیەک کوردناسە ڕووسەکانی سەردەمی تزاریی کاریگەرییان لەسەر گوتاری کوردناسی دوای شۆڕش هەبووە، وەک (میشێل لێزێنبێرگ) ئاماژەی پێکردووە و دەڵێت " **ژمارەیەک لەو گریمانە کێشەسازێنەرە ناسیۆناڵیستە-کە بەشێکیان دەگەڕێنەوە بۆ پرسی زمان وەکوو سازێنەری نەتەوەکان و هەندێکیشیان بۆ فۆلکلۆریزاسیۆن کوردەکان کە پێشتر باس کرا- میراتی زانستی کوردناسیی پێش ڕاپەڕین"** (Leezenberg, 2011:7) بەڵام لەڕووی ئایدیۆلۆجیەوە دوو سەردەم و دوو قۆناغی جیاوازن، بۆیە نوێنەرایەتی کردنی پرسی کوردناسیی لەنێوان ئەو دوو قۆناغە لە ڕووی ستراتیجییەتی دەوڵەوتەوە کۆمەڵێک گۆڕانکاریی لەڕووی میتۆدیی و بابەتییبوونەوە بەڕوونی درکی پێدەکرێت، بەتایبەت لە دوای دروستبوونی یەکێتی سۆڤێتی (١٩٢٣-١٩٩٠)، ئایدیۆلۆجیای دەوڵەتی نوێ پێویستی بە ڕێکخستنەوە ناوەندە زانستیی و پەروەردەیی و ئەکادیمییەکان بوو، بە واتایەکی تر دەتوانین بڵێین ئەگەر لە سەردەمی ڕووسیای تزاریی پاڵپشتی و دەستوەردانەکانی دەوڵەت بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ یاخود زۆر زەق نەبووبێت، ئەوا لەسەردەمی سۆڤێتیدا، دەوڵەت زۆر بەڕوونی ئەرکی سەرپەرشتی و چاودێریکردنی بەرهەمهێنانی جۆری مەعریفی و زانستی گرتە ئەستۆ، هەروەها پەیوەندی نێوان ڕۆژهەڵاتناسیی ئەکادیمی و سیاسەتی دەوڵەت هاوتەریی یەکتر بوون، بەشێوەیەک کە فەلسەفەی مارکسیزم ڕەنگدانەوەی لەسەر کۆی لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکان هەبوو، ئایدۆلۆژیای مارکسیزم وەک میتۆدێک بۆ بەشێکی زۆر لە ڕۆژهەڵاتناسە سۆڤێتییەکان بوو بە سەنتەری لێکۆڵینەوەکانیان، تەنانەت هەر لەو قۆناغەدا ناوی (ئەکادیمیای زانستەکانی ڕووسیا) بۆ (ئەکادیمیای زانستەکانی یەکێتی کۆمارە سۆشیالیستەکانی سۆڤێت) گۆڕا، دواتر شوێنی دامەزراوەکە لە (سان پترسبۆرگ)ەوە بۆ (مۆسکۆ) گوازرایەوە. (هەردی، ٢٠٢٢: ٧٧،٧٦) ئەم ئاڵوگۆرە تەنها گۆڕان و گواستنەوەی دامەزراوەکە لە شوێنێک بۆ شوێنێکی ترەوە نەبوو، بەڵکو ئاڵوگۆڕێکی سیاسیی و مەعریفیش بوو لەنێوان دوو سیستەمی جیاوازدا.

ئەو پاشخانە دەوڵەمەندییە لە گرنگیدان بە کورد لەلایەن ڕۆژهەڵاتناسەکانی ڕووسیای تزاریی و سۆڤێتی، دواجار بە شێوەیەکی فەرمی لقی کوردناسیی وەک پسپۆڕێتییەکی جیاواز و بەشێکی زانستی لە یەکێتی سۆڤییەت لەدایکبوو، سەرەتاش لە گرنگیدان بە زمانی کوردیی لە پەیمانگاکانی ڕۆژهەڵاتناسیی لەنێوان ساڵانی بیست و سییەکانی سەدەی بیستەم دەستی پێکرد. (Omarkhali and Mossaki, 2019: 146) بەشێوەیەکی گشتی زانستی کوردناسیی لە دەوڵەتی سۆڤێتیدا خۆی لە چوار ناوەندی سەرەکی (یەریڤان، مۆسکۆ، سانت پیرسبۆرگ و باکۆ) دا دەبینیەوە. هەروەها لەنێوان ئەو چوار ناوەندەدا زۆرجار سەبارەت بە کاروباری زانستی و بەتایبەت بابەتی کوردناسیی پرس و ڕاوێژ لەنێوانیاندا هەبووە (کەریم هەورامی، ١٩٧٤: ٩٤). میشل لێزێنبێرگ سەبارەت بە پرۆژەی کوردناسیی لە دەوڵەتی سۆڤێتی بەشێوەیەکی ڕادیکاڵانە پێوایە ئەوە کارانەی

لەبواری کوردناسیی لە سۆڤێتدا کراوە، پێویستە بە بەرهەمی ئایدۆلۆژیا مارکسیستی-لینینیستی بزانرێت (Leezenberg, 2011:18) .

هەڵبەتە لەدوای دامەزراندنی لقی کوردناسی وەک بەشێکی سەربەخۆ لە چوارچێوەی رۆژهەڵاتناسیی کۆمەڵێک ناوەندێکی گرنگی ئەکادیمی گرنگیان بە لێکۆڵینەوە کوردییەکان دا، دواتر ئەو وەرچەرخانە بووە دەروازەیەک بۆ ئەوەی کۆمەڵێک لاو و قوتابی کورد بەمەستی خوێندنی باڵا ڕوو لەو ناوەندانە بکەن، لەو ڕێگەیەوەش گۆڕانێکی بنەرەتیی لە ڕوویی میتۆدیی و ئایدیۆلۆژییەوە بۆ مێژوو و ئەدەبیاتی کورد لەدایک بوو.

## ٤. وێنای کورد لەنێوان ئایدیۆلۆژیای ڕووسیای تزاریی و سۆڤێتی

وێنەی کورد لەسەر ئاستەکانی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و کەلتووریی لایەنەکانی تری کۆمەڵگە بەگشتی، لەلایەن کوردناسەکانەوە (تزاریی و سۆڤێتی) بە دید و تێگەیشتنی جیاوازەوە خوێندنەوەی بۆ کراوە، ئەو جیاوازییەش لە ڕووی بابەتیی و میتۆدیی دواجار ئایدیۆلۆژییەوە بەڕوونی درکی پێدەکرێت. لێرە هەوڵدراوە لەسەر بنەمای هەندێ بابەت و تەوەری سیاسیی و کۆمەڵایەتی ئەو جیاوازیی و تایبەتمەندییەی نێوانیان لە باسکردنی شوناسی کورد بەشێوەیەکی شیکاری و بەراودکاریی بخرێتە ڕوو:

### ١,٤ لە خێڵەوە بۆ چینایەتی

کۆمەڵگەی کوردیی لەنێوان ئایدیۆلۆژیای نیمچە بۆرژوازێتی ڕووسیای تزاریی و ئایدیۆلۆژیای چینایەتی سۆشیالیزمی سۆڤێتی جێگای بایەخ بووە، مێژووی پێکهاتە و شێوەی کۆمەڵایەتی کورد لای کوردناسە ڕووس و سۆڤیتییەکان و ڕوانگەی هەر یەکێک لەو دوو قۆناغەدا بۆ وێنای کورد بەگشتی ڕەنگدانەوەی هەلومەرجی سیاسیی سەردەمەکەی بووە، بەواتایەکی ڕوونتر پەرەسەندن و گۆڕانەکانی ئایدیۆلۆژیا پەرە بۆ گۆڕانی مەعریفە و میتۆدیی دێنێتەوە کایەوە. لەسەر ئەو بنەمایەش جیاوازی لە سەر ئاستی (بابەتی و میتۆدیی) لەنێوان کوردناسەکانی سەردەمی تزاریی و سۆڤێتیدا، کە ڕەنگدانەوەی ئایدۆلۆژیایە بەڕوونی درکی پێدەکرێت.

کوردناسەکانی سەردەمی تزاریی زیاتر سەرنجیان لەسەر گرنگیدان بە خێڵ و سەرۆک هۆزەکانی کورد بووە، ئەو گرنگیدانە ڕەنگدانەوەی هەلومەرج و پێویستییەکانی دەوڵەت لە ڕووی سیاسیی و سەربازییەوە بووە، هەروەها زۆرجار ئەوانەی کاریان لە سەر پێکهاتە و سیستەمی خێڵی کورد کردووە، لەهەمان کاتدا دیبلۆماتکار و کاربەدەستی دەوڵەتی بوون، بۆ نموونە مینۆرسکی و باسیل نیکیتین دوو کوردناسی دیاری سەردەمی ڕووسیای تزارین، هەر یەکێک لەو کوردناسانە بەشێوەیەکی فراوان گرنگیان بە پێکهاتە هۆز و ڕۆڵ و کاریگەریان داوە. لەبەرامبەر ئەوەدا کوردناسە سۆڤێتییەکان بەهەمان شێوەی کوردناسە تزارایی‌ەکان بەشێوەیەکی فراوان گرنگییان بە ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردیی بەتایبەت لە ڕووی پێکهاتە و سیستەمی کۆمەڵایەتییەوە، بەڵام وەک دواتر ئاماژەی پێدەکرێت، زیاتر لە چوارچێوەی دابەشبوونی کۆمەڵگای چینایەتییەوە قسەوباسی لەسەر دەکرێت.

وەک ڕوونە لەدوای ڕووخان و نەمانی میرنشینەکانی کورد لە کوردستان بۆشایەکی سیاسیی و کارگێڕیی درووست بوو، ئەوەش ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردەوە هەبوو. واتە لەدوای ئەو گۆڕانگارییانە قۆناغێکی نوێ جیاواز لەپێش خۆی سەری هەڵدا، ئەویش دەرکەوتنی ڕۆڵی پیاوانی ئایینی (شێخ و تەریقەتەکانی قادریی و نەقشبەندیی) و سەرۆک هۆزەکان بوو. لەسەر ئەو بنەمایە دەبینین دەوڵەتانی ئەوروپی و تەنانەت هەردوو دەوڵەتی ئێرانی و

عوسمانی گرنگییان بەو دوو توێژەوە داوە و هەوڵیانداوە پەیوەندییان بەو لایەنانەوە هەبێت. دەوڵەتی ڕووسیای تزارییش یەکێک بووە لەو دەوڵەتانەی کە هەوڵییداوە پەیوەندیی بە کوردەکانەوە بکات بەتایبەت لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە و دوای سەرهەڵدانی کۆمەڵێک شەڕ و ململانێ لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی، بەتایبەتی لە شەری کریمای لە ساڵی ١٨٥٦ (لازاریف، ١٩٨٩: ٥٢) و شەڕی ڕووسیا و عوسمانی لە ساڵانی ١٨٧٧-١٨٧٨ کە سەرۆک هۆزە کوردەکان بەهەمان شێوەی شەری پێشووتر ڕۆڵیان هەبووە (جەلیلی، ١٩٨٧: ٥٣،٥٤). ململانێی و شەڕیی نێوان هەردوو دەوڵەت وایکردووە ڕووسەکان گرنگی بە کورد بدەن، ئەو گرنگیدانەش تەنها لە چوارچێوەی دامودەزگا فەرمییەکانی هاوشێوەی وەزارەتەکانی دەرەوە و جەنگ نەبووە، بەڵکو لە ڕێگەی گوتاریی ڕۆژهەڵاتناسییەوە بتوانێت زانیاریی لەسەر کورد کۆ بکاتەوە، بۆ نموونە کاتێک ئاوڕ لە بەرهەمەکانی کوردناسێکی وەک (باسیک نیکیتین) دەدەینەوە، بە ڕوونی درک بەو خاڵە دەکرێت، ناوبراو هەم وەک کوردناسێک و هەمیش وەک دیبلۆماتکارێکی دەوڵەتی ڕووسیا باس لە گرنگی هۆز و پیاوە ئاینەکانی کۆمەڵگەی کوردیی دەکات، بۆ نموونە لەناو کەسایەتییە کاریگەرییەکانی کۆمەڵگەی کوردی لە ڕوویی ئاینی وپێگەی کۆمەڵایەتیی و سیاسییەوە باس لە (شێخ عەبدولسەلامی بارزانیی و بنەماڵەی شێخەکانی نەهریی) وەک دوو بنەماڵەی گرنگ کردووە. (نیکیتین، ٢٠٠٤: ١١٦،٤٠) هەروەها ناوبراو هەر لەو بەرهەمەیدا، باس لە کۆمەڵێک هۆزی کاریگەریی وەک (موکریی و برادۆستی ئۆرەمار و هۆزەکانی دەوروبەری ڕواندز و ناوچەکانی تر کردووە (نیکیتین، ٢٠٠٤). لەڕوانگەی ناوبراو بنەچەی سەرهەڵدانی و لەدایکبوونی هۆز بۆ خێزان دەگەڕێتەوە، واتە لەخێزانێکەوە پەرەی سەندووە، بۆ ئەوەش نموونە بە هۆزی هەرکی دێنێتەوە ئەو تیۆرەیان بەسەردا جێبەجێ دەکات (نیکیتین، ١٩٥٨: ١١١،١١٠) (بەدرخان سندی، ٢٠٠٨: ٥٨)، هەروەها ڤلادیمێر مینۆرسکی هاوشێوەی باسیل نیکیتین هەم وەک کوردناسێک هەمیش وەک دیبلۆماتکاری دەوڵەتی ڕووسیا لە چەند بەرهەمێکیدا باس لە شێوە و تایبەتمەندییەکانی هۆز و کۆمەڵگەی کوردی بەشیوەیەکی گشتی کردووە، ناوبراو لە سەرچەند ئاستێکی جیاواز خوێندنەوە بۆ شێوەی کۆمەڵایەتیی و پەیوەندییەکانی ناو سیستەمی خێڵایەتی کردووە، ناوبراو پێیوایە هۆزەکانی کورد دوژمنایەتیی و ململانێیەکی قووڵییان لە نێوانیاندا هەیە، هەندێ جار دەگاتە ئاستی هێرشکردن بۆ سەر یەکتر (مینۆڕسکی، ١٩٨٤: ٧٣)، هەروەها ناوبراو لە بەرهەمێکی تریدا ئاماژەی بە دابەشبوون و شێوەی چینایەتی لە کۆمەڵگەی کوردیی کردووە، بۆ ئەوەش ئاماژە بە کۆمەڵێک چەمکی وەک (گۆران و جوتیار) وەک چینێکی ژێردەستە کردووە (مینۆڕسکی، ٢٠٠٧: ٥٩). خاڵێکی تر گرنگ ئاماژەی پێ بکرێت لە دەرەوەی باسکردنی شێوە و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کوردیی، میشل لێزێنبێرگ سەرەنج بۆ لایەنێکی گرنگی هەردوو گوتاری کوردناسیی لە ڕووسیای تزاریی و سۆڤێتی ناوبراو پێیوایە لەنێوان هەردوو دەسەڵاتی تزاریی و سۆڤێتیدا، کوردناسەکانی ڕووسی زمان و سۆڤێتی کەمتر گرنگییان بە ئاینی ئیسلام لە کۆمەڵگەی کوردیدا داوە، زیاتر سەرنجییان لە سەر بیروباوەڕی (ئێزدییەکان و ئەهلی حەق) کە گومان دەکرێ دەوڵەت بە مەبەست گرنگی بە خوێندنی ئیسلامی و حوجرەکان نەدابێت (Leezenberg, 2011: 18).

کوردناسە ڕووسەکان (نیکیتین و مینۆڕسکی) ڕوانگەیان بۆ کۆمەڵگەی کوردیی لەچوارچێوەی کۆمەڵێک ڕەهەندیی دیاریکراو هەوڵیانداوە خوێندنەوە بۆ لایەنە جیاوازەکانی کورد لەڕووی سیستەمی کۆمەڵایەتیەوە بکەن، بەرچاوترینیان بریتیین لەچەند بابەتێکی دیاریکراوی وەک ( خێڵ و هۆزە کاریگەرەکان و سەرۆک هۆز و پیاوە ئاینییە بەناوبانگەکان). ئەو گوتارە ڕەنگدانەوەی

سیاسەت و ستراتیژییەتی دەوڵەتی رووسیایە لە گرنگیدان و نزیک بوونەوە لە کورد لەڕێگەی کەسایەتی ئاینەییەکان و سەرۆک هۆزە کاریگەرەکانییەوە.

لەبەرامبەر ئایدیۆلۆژیای دەرەبەگایەتیی و نیمچە بۆرژوازێتی رووسیا قۆناغێکی نوێ لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی ڕووسیای ساڵی ١٩١٧ لەدایک بوو، ئەویش بریتیی بوو لە دەرکەوتنی ئایدۆلۆژیای ململانێی چینایەتیی، ئەو پەرەسەندنە سیاسییانە وەک لەپێشووتریشدا جەختی لەسەر کرا بوویەوە، بووە هۆی لەدایکبوونی گوتارێکی تری مەعریفیی و زانستیی کە دواجار ڕەنگدانەوە و کاریگەریی لەسەر هزر و میتۆدی زانستە مرۆییەکان دروستکرد، لەناویاندا گوتاری کوردناسیی فۆرم و شێوەیەکی جیاوازتری لەقۆناغی پێشخۆی وەرگرت. هەرچەندە کوردناسەکانی سەردەمی تزاریی لە چوارچێوەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردیی ئاماژەیان بە دابەشبوونی چینەکان کردووە، بەڵام ئەوە بەو واتایە نایەت بگوترێت ئەوان هاوشێوەی ئایدۆلۆژیای مارکسییەکان لە ژێر ڕۆشنایی خەبات و ململانێی چینایەتی وەک بزوێنەری مێژوو لێکدانەوەیان بۆ شێوە و پەیوەندییەکانی کۆمەڵی کوردی کردبێت. ئەو مۆدێلە زیاتر لەگەڵ هاتنی بەلشەڤییەکان بۆ سەر دەسەڵاتی ڕووسیا لە گوتاریی ڕۆژهەڵاتناسیی بەگشتی و کوردناسیی بەتایبەت لەدوای درووستبوونی یەکێتی سۆڤێت بەدەرکەوت.

دەربارەی جیاوازیی چینایەتی کۆمەڵگەی کوردیی و ڕەنگدانەوەی لە بەرهەم و نووسینەکانی کوردناسە سۆڤێتییەکان بەشێوەیەکی فراوان گرنگییان بەو لایەنە داوە، یەکێک لە کوردناسەکانی سۆڤێتی (أ.م. مینتیشاشڤیلی) لە ژێری کاریگەری ئایدۆلۆژیا مارکسی باس لە جیاوازیی چینایەتی کۆمەڵگەی کوردیی کردووە، ناوبراو ئاماژە بە سێ چەمک (کرمانج، گۆران، مسکێن) وەک شێوەیەک لەچوارچێوەی سیستەمی کۆمەڵایەتی، هەر یەکێک لەو چەمکانەش لە چەند ناوچەیەکی جیاواز وەک هێمایەک بۆ چینی خواراوەی کۆمەڵ بەکارهاتووە، بۆ نموونە چەمکی مسکێن لە هەندێ ناوچەی سولەیمانی هاو واتای کۆیلەی زەویی بەکارهاتووە (مینتیشاشڤیلی، ٢٠٠٨: ٨٧). ئەوەی تێبینی دەکرێ جیاوازیی چینایەتی بەشێوەیەکی گشتی لە چوارچێوەی مارکسیزمدا، لەسەر بنەمای بونیادیی ئابووریە. هەروەها بەهەمان شێوە (ڤاسیلیەڤا) پێوایە چەمکی (گۆران) وەک زاراوەیەکی کۆمەڵایەتی ئاماژەیە بۆ چینی جوتیاران لەچواچێوەی ستراکتۆری خێڵەکی، لەڕوانگەی ناوبراو گۆران چەمکێکە بۆ ئەو جوتیارانە بەکارهاتووە، کە لەدەرەوەی پێکهاتەی خێڵدان و زۆرجار بەچاوێکی کەم لەلایەن فیوداڵەکانی میرنشینەکانی کوردەوە سەیریان کردوون (ڤاسیلیەڤا، ٢٠٠٩: ٦٩،٧٠). ئەگەرچیی هەریەک لە (مینۆرِسکی و نیکیتین) ئاماژەیان بەچەمکەکانی مسکین و گۆران کردووە و نکۆڵی لەو ناکەن، کە بوونی ئەو چینەی کۆمەڵگە لەئەنجامی شێوەی کارەوە سەرچاوەی گرتووە (هەردی، ٢٠٢٢: ١٣٧)، بەڵام خاڵی جیاوازییان لەگەڵ کوردناسە سۆڤێتییەکان بۆ نموونە (أ. مینتشاڤیلی) لەچوارچێوەی سیستەم و دابەشبوویی چینایەتی لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژیا خەباتی چینایەتی لێکدانەوە و خوێندنەوەیان بۆ ئەو دابەشکارییەی کۆمەڵگە کردووە، ناوبرا ئاماژە بەچینێکی تر کردووە، کە هەڵگری پاشناوی ئەفەندیی بوون لەبەرامبەر چینی جوتیاران دەرکەوتن، ئەو چینە لەڕووی پێگەی کۆمەڵایەتییەوە لەسەرووی چینی جوتیارانەوە بوون (مینتشڤاڤیلی، ٢٠٠٨: ٣٢٠).

### ٢,٤ پرسی کورد و گوتاری کوردناسیی

ئەگەر لەباسکردنی سیستەمی کۆمەڵایەتی و ستراکتۆر و پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردیی، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ درک بە کاریگەریی ئایدۆلۆژیا کرابێت، ئەوا لە پرسی سیاسیی و نەتەوەیی

کورد ڕوونتر و ڕاشکاوانەتر ماسکی ئایدۆلۆژیی لەژێر پەردە و سێبەری زانستیی بوونی کوردناسیی خۆی مانیفێست دەکات. وەک پێشتر جەختی لێکرایەوە کورد وەک پرسێکی سیاسیی و مەعریفی جێگای بایەخی هەردوو دەسەڵاتی تزاریی و سۆڤێتی بووە، لەهەمان کاتدا زۆرجار ئاستی پەیوەندیی و هەڵوێستەکانیان بەرامبەر کورد بەچەند قۆناغێکی جیاواز و کاتیگۆری بەرژەوەندییەکانیان لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر جیاواز بووە. لەسەر ئەو بنەمایە دەتوانین بڵێین ئەو پەرەسەندن و گۆڕانکارییە سیاسییانە ڕەنگدانەوەی لەسەر کار و پرۆژەی کوردناسەکاندا هەبووە. هەروەها لەو باسەدا زیاتر سەرەنج لەسەر پرسی کورد و گوتاریی کوردناسە سۆڤێتییەکانە، لەبەرئەوەی لەباسەکانی پێشووتر بەشێوەیەکی ناڕاستەخۆ ئاماژە بە کوردناسەکانی سەردەمی تزاریی، کە گرنگیان بە خێڵ و هۆز و سەرۆک هۆزەکانی کورد داوە، هەروەها بنەمای ئەو گرنگیدانەش وەک جەختی لێکراوەیە هاوکات بووە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت، بەتایبەت لە پرسی ڕاکێشانی سەرۆک هۆزەکانی کورد بۆ لای خۆیان لەبەرامبەر هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی. هەروەها لە کوردناسەکانی سەردەمی تزاریی و تەنانەت سەردەمی سۆڤێتی ڤاسیلی نیکیتین بەشێوەی زنجیرە مێژوویی باس لە بزوتنەوەی نەتەوەی کورد هەر لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە تا دەگاتە ناوڕاستی سەدەی بیستەم کردووە، بەڵام ئەوەی جێگای سەرەنجە ناوبراو لەسەردەمی خۆی کە وەک دیبلۆماتکارێک لە دەوڵەتی ڕووسیا کاری کردووە و لە هەمان کاتیشدا کۆمەڵێک کاری لەسەر کورد کردبوو، کەمتر بایەخی بە بزتنەوە سیاسییەکانی کورد داوە، دوای هاتنی بەلشەڤییەکان و دەرچوونی لە ڕووسیا ئینجا باس لە سرووشت و تایبەتمەندی بزوتنەوە نەتەوەییەکانی کورد کردووە. (نیکیتین، ١٩٥٨: ١٧٦-١٩٠).

کوردناسە سۆڤێتییەکان بەشێوەیەکی گشتی بایەخێکی زۆریان بە پرسی کورد داوە، لەوەر ئەو بنەمایە کوردستان گرنگییەکی زۆری لە ستراتیژییەت و هزری سۆڤێتیدا هەبووە، بەهۆی ئەوەی یەکێتی سۆڤێت ئەو ناوچەیە وەک دەرگای داخڵ بوونی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەڕووی سیاسیی سەربازییەوە لەقەڵەمداوە. (هاول، ٢٠٠٦: ٢٥٠) هەروەها دید و تێڕوانینەکانیان سەبارەت بە کورد لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر جیاواز بووە، بە واتایەکی تر میتۆدی بیرکردنەوەیان سەبارەت بە کوردناسیی پەیوەستە بە گۆڕانکاریی و پەرسەندن و پەیوەندییە سیاسییەکانی دەوڵەتەوە. یەکێتی سۆڤێتی تاکو کۆتاییەکانی جەنگی دووەمیش پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەر یەک لەتورکیا و ئێران لەبەرامبەر هەڵوێستی بە کورد پەیوەندییەکی دۆستانە بووە، بۆ نموونە هەر لە ڕاپەڕینی کوردەکانی تورکیا ساڵی ١٩٢٥ و کێشەی ویلایەتی موسڵ دەوڵەتی سۆڤێتی زیاتر هاوسۆزی بەرژەوەندییەکانی تورکیا بووە، بەتایبەت دوای ئەوە کۆمەڵەی گەلان لە ساڵی ١٩٢٥ بە بڕیارێک باشوری کوردستان بە دەوڵەتی عێراقەوە دەلکێنێت، ڕۆژی دواتر یەکێتی سۆڤێتی و تورکیا ڕێکەوتنامەیەکی لێکتێگەیشتن سەبارەت بە ئاڵوگۆڕی زانیارییەکان لەنێوانیاندا مۆر دەکەن (فاضل رسول، ٢٠٠٨: ١٨٤). هەروەها سەبارەت بە ڕاپەڕینی کورد لە باکوری کوردستان لە ساڵی ١٩٢٥ بەهەمان شێوە دەوڵەتی سۆڤێتی پشتگیری خۆی بۆ تورکیا دەربڕی (مێڤان محمد، ٢٠٠٨: ٤١). ئەو ڕووداوانە بووە تەوەرێکی گرنگی مانشێت و نووسەرەکانی یەکێتی سۆڤێتی، (لازاریف) لە هەڵسەنگاندنی شۆڕشی کوردەکانی تورکیا بەسەرکردایەتی شێخ سەعیدی پیران دان بەوە دەنێت، کە ئەو ڕووداوە لەناو نوسەر و نووسینەکانی سۆڤێتی زۆر گرنگی پێدرا، بەڵام بەشێوەیەکی نەرێنی خوێندنەوەیان بۆ شۆڕشەکە کرد، هۆکاری ئەوەش بۆ ڕوانگەی ئایدۆلۆژییان دەگەڕێنێتەوە، بەوەی شۆڕشەکەیان بە شۆڕشێکی کۆنەخواز و لەچوارچێوەی سیستەمی دەربەگایەتی و دواکەوتوویی سەریهەڵداوە (لازاریف، ٢٠١٣: ٩١) بەهەمان شێوە ئەو شۆڕشە لە

ناوەند و بڵاوکراوەکانی سۆڤێتیدا دەنگی دابوویەو، ڕۆژنامەی (پراڤدا) کە زمانحالی دەوڵەتی سۆڤێتی و بەلشەڤییەکان بوو، بەهەمان دید و بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتەوە خوێندنەوە بۆ شۆڕشەکە کردووە و وەک شۆڕشێکی کۆنەخواز و دەستی وڵاتانی ئیمپریالیزمی لەقەڵەمداوە (ئەفراسیاو، ٢٠٠٢: ١٩٤، ١٨٧) هەروەها ئەوەی تێبینی دەکرێ، ڕەنگە یەکێک لە هۆکارەکانی دژایەتیکردنی شۆڕشەکانی کورد لەلایەن سۆڤێتییەوە لەو قۆناغەدا، بۆ ئەوە بگەڕێتەوە لەو کاتەدا دەوڵەتانی ڕۆژئاوا بەتایبەت فەرەنسا و بەریتانیا لەگەڵ سۆڤێتیدا لەململانێیەکی قوڵدا بوون، لە لایەکی ترەوە پەیوەندی تورکیا و بەریتانیا بەتایبەت لەبارەی پرسی موسڵ لە ئاستێکی خراپدا بوو، لەهەمان کاتیشدا یەکێتی سۆڤێتی تورکیا وەک دۆستێکی تاقانەی لەناوچەکە دەبینی (لازاریف، ٢٠١٣: ٩٧).

یەکێک لەبەربەستەکانی بەردەم بزاڤی سیاسیی و دروستبوونی بزوتنەوەی نەتەوەیی لەڕوانگەی کوردناسە سۆڤێتییەکان خۆی لە سیستەمی فیودالیزمی کۆمەڵگەی کوردیی و دواکەوتوویی لایەنی ڕۆشنبیریی و ئابوریی و خزمەتگوزاریی دەبینێتەوە. واتای خاڵی هاوبەشی ئەو لێکدانەوە لە شکستی شۆڕشەکانی کورد لەو ماوەیەدا لەو خاڵەدا کورت دەکەنەوە، لازاریف لەو بارەیەوە پێیوایە یەکێک لە ئاستەنگەکانی بەردەم پێشکەوتنی بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد بریتی بوو لە ئاستەنگی تەقلیدی، کە ڕەگی خۆی لەلایەنی ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی و ئابوریی کوردا چەقاندووە، ئەمەش ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی لەسەر هزر و ئایدۆلۆژیا سیاسیی نەتەوەیی کوردا هەبووە، واتا نابراو لەسەر بنەمای شێوە و هێزەکانی کۆمەڵایەتی خوێندنەوە بۆ بونیادی سیاسیی کوردی کردووە، سەبارەت بەوە پرسە دەڵێت '' سیستەمی فیوداڵی کوردی، لەسەر بوونیەی خێڵەکی دامەزراوە (لازاریف، ٢٠١٣: ٩). لە ڕاستیدا لە کەلتووری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەو دیاردەیە بۆ زۆرێک لە نەتەوەکانی تری وەک عەرەب و تورک و ئەرمەنیش ڕاستە، بۆ نموونە شۆڕشی کورد لە ساڵی ١٩٢٥ لە ڕووی پێکهاتەو و شێوەکانی زۆر لە ڕاپەرینی یاخود شۆڕشی بیستی عێراق لە ساڵی ١٩٢٠وە نزیک بوو، بەتایبەت لەڕوانگەی دەرکەوتن و ڕۆڵی سەرۆک هۆز و عەشایەرییەکان، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێ خوێندنەوە کوردناسە سۆڤێتییەکان بۆ ئەو دوو ڕوداوە تەواو جیاوازە، ڕووداوی یەکەم لەبەرئەوەی لەبەرژەوەندیی و خواستی دەوڵەتی سۆڤێتی بوو، وەک شۆڕشێکی دژە ئیمپریالیزمی و یەکگرتوویی گەلان لەقەڵەمدرا، تەنانەت ئەو لێکدانەوەیە کاریگەریی لەسەر مێژوونووسە ئەکادیمستەکانی کوردیش بەتایبەت ئەوانەی لەیەکێتی سۆڤێتی بڕوانامەی خوێندنی باڵایان بەدەست هێنابوو دروست کردبوو، بۆ نموونە کەمال مەزهەر لە لێکدانەوەی هۆکار و ئەنجامەکانی شۆڕشی بیست بەتەواوەتی لەژێر کاریگەریی ئەو لێکدانەوەیەدایە، کە پێیوایە شۆڕشەکە ڕەنگدانەوەی سەرجەم چین و نەتەوە جیاوازەکانی کۆمەڵگەیە دژ بە ئیمپریالیزم و سیاسەتی بەریتانیا (پەیوەند محمد، ٢٠٤٤: ١٥٣،١٥٤). کەچی لە لێکدانەوەیان بۆ شۆڕشی کوردیی لەچوارچێوەی سیستەمی خێڵ خوێندنەوەی بۆ کراوە، خاڵی هاوبەشی ئەو گوتارە بەتایبەت لە دیاریکردنی هۆکارەکانی شکستی شۆڕشەکانی کورد لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیای مارکسییانە ڕاڤەیان بۆ کردووە، پێیانوایە جیاوازیی چینایەتی لە کۆمەڵگەی کوردییدا بەربەستی بەردەم دروستبوونی یەکگرتوویی بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردییە (Akobirova, 2022: 45). لە ڕاستیدا ئەو لێکدانەوە وەک ئەوەی بۆ هیچ نەتەوەیەکی تر ڕاست نەبێت و تەنها بە بەرگی کوردا دورابێت، کە جیاوازیی چینایەتی تەنها لەکۆمەڵگەی کوردییدا هەبێت و کاریگەریی لەسەر بزوتنەوەکەی هەبێت، ئەو تێگەیشتنە زیاتر شاردنەوە و پاساودانی دەوڵەتە لە ڕەفتارەکانی

بەرامبەر بە کورد و تەنانەت دژ بە پرنسیپەکانی دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسینە لە ئایدیۆلۆژیای مارکسیتیدا.

سیاسەتی یەکێتی سۆڤیێتی بەدیاریکراویی لەسەرەتای سییەکان تاکو ساڵی ١٩٤٤ بەرامبەر کورد نەرێنی بووە، لەو ماوەیەدا کورد ڕووبەڕووی کۆمەڵێک گرفت بووەتەوە، هەڵوەشانەوەی کوردستانی سوور لەساڵی ١٩٣٠ هەڵوەشانەوەی فیدراسیۆنی قەفقاز لە ساڵی ١٩٣٦، دەرئەنجامی ئەو دوو ڕووداوە وایکرد ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکانی ئەو ناوچانە بۆ ئاسیای ناوەند دوور بخرێنەوە، وەک ئەمیری حەسەن پوور ئاماژەی پێداوە لەو ماوەیەدا هیچ بەرهەم و کتێب بە زمانی کوردی ڕاوەستا و دواتر لە ساڵی ١٩٥٠ جارێکی تر دەستی پێکردەوە (Leezenberg, 2011:8) ; Hassanpour (1992: 139-143). لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی و لەدایکبوونی قۆناغێکی جیاواز و سەرهەڵدانی کۆمەڵێک پەرسەندن و گۆڕانکاریی سیاسیی بەتایبەت قوڵبوونەوەی ململانێی هەردوو بلۆکی سەرمایەداریی و سۆشیالیزمی ئەوەی بە جەنگی سارد ناسراوە، ئەمە وایکرد یەکێتی سۆڤیێتی ستراتیجیەتێکی جیاوازتر لە جاران بگرێتەبەر، ئەوەش ڕاستەوخۆ کاریگەریی و ڕەنگدانەوەی لەسەر کایە ئەکادیمی و مەعریفییەکانی دەوڵەت هەبوو، لەسەر ئەو بنەمایە لێرەوە بابەتی کوردناسیی و لێکۆڵینەوە لە کەلتوور و مێژووی کورد بەگشتی دەچێتە قۆناغێکی تر، دەتوانین بڵێن ئەوە سەردەمی زێڕینی گوتاریی کوردناسییە لەو ماوەیەدا، تەنانەت کردنەوەی بەشی کوردی لە یەکێتی سۆڤیێتی هاوکاتە لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریی و پێشهاتە سیاسیی و ململانێکانی وڵاتانی زلهێز. دواتریش بەشێوەیەکی فەرمی بەشی کوردی لە ئێرانناسیی جیابوویەوە بوو بە بەشێکی سەربەخۆ لەساڵی ١٩٥٩ (کوردۆێیف، ٢٠٠٦: ٢٤) ؛ (شاخەوان عبدالله، ٢٠٢٥: ١٣٧).

لە سەرەتای شەستەکانی هەمان سەدە بەرەو سەرەوە ژمارەیەکی زۆری بڵاوکراوە لەشێوەی پەرتووک و وتار سەبارەت بە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لەلایەن کوردناسە سۆڤیێتییەکان بڵاوکرانەوە، کوردناسی بەناوبانگ (مانڤێل ئارسینۆڤیچ گاسراتجان١٩٢٤-٢٠٠٧) (Manvel Arsenovic Gasratjan) لە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی باس لە پرسی کوردناسیی لە نێوان ساڵانی ١٩٢٠-١٩٣٠ کردووە (Omarkhali and Mossaki, 2019: 156). خاڵێکی تر لە پەرەسەندنی گوتاری کوردناسیی سۆڤیێتی هاوکاتە لەگەڵ چونە دەرەوەی کۆمەڵێک خوێندکاری کورد بۆ سۆڤیێتی بەمەبەستی خوێندنی باڵا، ئەمە وایکرد ئەوەندەی تر گوتاری کوردناسیی لە ڕوویی بابەتە جیاوازکانی لێکۆڵینەوە بەتایبەتی پرسی نەتەوەیی کورد زیاتر بایەخی پێبدرێت. ئەو گرنگیدانەش ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە گۆڕان و هەڵوێستەکانی یەکێتی سۆڤیێتی بەرامبەر بە دەوڵەتەکانی تورکیا و ئێران و عێراقەوە بوو.

### ٥. ئەنجامەکان

- گوتاریی کوردناسیی لەهەناوی گوتاریی ڕۆژهەڵاتناسیی لەدایک بووە، لەسەر ئەو بنەمایە ئەو ڕەخنە و سەرەنجانەی ڕووبەڕووی ڕۆژهەڵاتناسی دەکرێتەوە، نمونەی ڕەخنەکانی ئێدوارد سەعید، دەشێت ئەو تێزە بۆ گوتاری کوردناسیش ڕاست بێت، ئەمەش وادەکات هەمیشە بە دیدێکی گومانگەرایانە سەیری تێز و تێرونینەکانی ڕۆژهەڵاتناسیی بەتایبەتی کوردناسیی بکرێت.
- ڕووسیا و یەکێتی سۆڤیێتی بە پێشەنگی ئەو وڵاتانە دادەنرێت، کە هەر زوو بایەخێکی زۆریان بە بواری کوردناسیی دا، هەرچەندە ئەو گرنگیدانە کۆمەڵێک ئامانج و مەبەستی

سیاسیی و بەرژەوەندیی دەوڵەتەوە لەپشتیەوە بوو، بەڵام لەهەمان کاتدا سودێکی زۆری بە لایەنی ڕۆشنبیریی و مێژوویی کۆمەڵی کوردەواریی لە ڕووی کەلتوریی و سیاسیی و کۆمەڵایەتی گەیاند.

- سەرچاوەکانی کوردناسی سەرەڕای بانگەشە زانستییەکەی، بەڵام ناتوانرێت وەک زانستێکی سەربەخۆ و بێلایەن مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، چونکە زۆرجار ئایدیۆلۆژیا و ویستی دەوڵەت کاریگەریی لەسەر جۆرێتی مەعریفە و دید و تێروانینەکانی کوردناسانی ڕووسیای تزاریی و سۆڤێتیدا هەبووە.
- گۆڕانە میتۆدەکانی لێکۆڵینەوە لە کورد لەچوارچێوەی بابەتی کوردناسیی ڕاستەوخۆ پەیوەست بووە بە گۆڕانە سیاسیی و هەلومەرجەکانی سیستەمی سیاسیی، بۆ نموونە سەرهەڵدانی شۆڕشی ساڵی ١٩١٧ و سەرکەوتنی بەلشەڤییەکان، هەر دابڕانێکی سیاسیی و سیستەمی بەڕێوەبردن نەبوو، بەڵکو گۆڕانێکی فیکریی و میتۆدییش بوو، بە واتایەکی تر ئەو فۆرمە کوردناسییەی، کە لەڕووسیای تزاریی هەبوو لەگەڵ سەردەمی یەکێتی سۆڤێتی تەواو جیاواز بوو.
- خوێندنەوەی کوردناسەکانی سەردەمی تزاریی بۆ لایەنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردیی لەگەڵ خوێندنەوە کوردناسە سۆڤێتییەکان تەواو جیاوازە، بەتایبەت لەبارەی دروستبوونی هۆز و پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردیی، کە هەردووکیان نوێنەرایەتی دوو سیستەمی و میتۆدی جیاواز دەکەن. هەرچی لایەنی یەکەمە زیاتر لە ژێر کاریگەری ئایدۆلۆژیای نیمچە بۆژوازێتی سەیری کۆمەڵگەی کوردی دەکات، هەروەها لەبەرامبەردا کوردناسە سۆڤێتییەکان لەڕوانگەی ئایدۆلۆژیای چینایەتییەوە خوێندنەوە بۆ کۆمەڵگەی کوردیی دەکات.
- بەهەمان شێوەی خاڵی پێشووتر، کوردناسەکانی تزاریی و سۆڤێتی لە لێکۆڵینەوەیان دەربارەی پرسی کورد لە ڕووی سیاسیی سەر بەدوو میتۆدی جیاوازن، بنەمای ئەو جیاوازییەش ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە هەژموون و ئایدۆلۆژیای دەسەڵات، تەنانەت زۆرجار ئایدۆلۆژیا دەوڵەتیش بووەتە پاشکۆی بەرژەوەندییەکانی، بۆ نموونە هەرچەندە کوردناسە سۆڤێتییەکان لە ژێر کاریگەریی هزری مارکسی-لینینیزمیدا بوون، بەڵام بۆ نموونە لە دیاریکردنی پرسی مافی چارە خۆنووسین وەک پرەسیپێکی گرنگی فەلسەفەی مارکسیزمی سۆڤێتی کوردناسەکان بە ویست و ڕێنمایی دەوڵەت لەهەندێ کاتی دیارکراودا خۆیان لێ بێ ئاگا کردووە، هەندێ جاریش ئەو پرسەیان وەک کارتێکی فشار لە ناوەندە ئەکادییمەکان گرنگیان پێداوە، واتە بەپێی بەرژەوەندیی و پەرسەندنە سیاسییەکان بووە، ئەوەش بە ڕوونی ڕەنگدانەوەی لەسەر گوتاریی کوردناسیی درکی پێدەکرێت.

- بەشێک لە کوردناسەکان بەتایبەتی مینۆڕسکی و نیکیتین کەوتوونەتە هەردوو قۆناغی تزاریی و سۆڤێتی، لەوەشدا زۆر بەڕوونی درک بە ئالوگۆڕی هزرییان لە نێوان هەردوو قۆناغ دەکرێت، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەو هەژموونە ئایدیۆلۆژییە کە بەشێوەیەکی گشتی لەسەر جۆر و فۆرمی زانستە مرۆییەکان بووونی هەیە.

## سەرچاوەکان

### یەکەم: بە کوردی:


- ئێدوارد سەعید، (٢٠١٨)، ڕۆژهەڵاتناسی، و. موحسین ئەحمەد عومەر، ماڵی وەفایی، هەولێر.
- قادر، زکریا، (٢٠١٨)، کوردناسی، و، سەلاح بەهرامی، چاپخانەی تاران، ئێران.
-جەلیل، جەلیلی، (١٩٨٧)، ڕاپەرینی کوردەکان ساڵی ١٨٨٠، و. کاوس قەفتان، و، کاوس قەفتان، چاپخانەی الزمان، بغداد.
- حەمەد، پەیوەند محەمەد، (٢٠٢٤) ڕەنگدانەوەی ماتریالیزمی مێژوویی لەسەر مێژوونووسی لای کورد، تێزی دکتۆرا، بەشی مێژوو، زانکۆی سۆران.
- سندی، بدرخان، (٢٠٠٨)، کۆمەڵگەی کوردەواری لە دیدی ڕۆژهەڵات ناسیدا، و. ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید، دەزگای موکریانی، چاپخانەی خانی، دهۆک.
- شاکەلی، ئەمجەد، (٢٠٢١)، ئاوردانەوەیەک لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتناسی، ناوەندی ڕێنوین، پرۆژەی بیری میانڕەو (٦١)، سلێمانی.
- عبدالله، شاخەوان، (٢٠٢٥)، ڕۆڵی بەشی کوردی لە پەیمانگای سانت پترسبۆرگ لەبواری توێژینەوە لە مێژووی کورد، ١٩٥٩-١٩٨٥، گۆڤار (زانکۆ)، زانکۆی سەلاحەدین.
- عثمان، هەردی حمەسەعید، (٢٠٢٢)، کەسێتی کوردی لە دیدی کوردناسانی ڕووسیا و یەکێتی سۆڤێتیدا ١٨٥٠-١٩٣٩، ماستەر، بەشی مێژوو، زانکۆی سلێمانی.
- فتاح، میدیا ابراهیم و عزیز، هیوا احمد، (٢٠٢٣)، بنەماکانی شیکاری ڕەخنەیی گوتار لای نۆرمەن فێرکلاف، گۆڤاری (زانکۆ) بەرگی (٢٧)، ژمارە (٨) زانکۆی سەلاحەدین.
- فرانکۆ، دینۆ، (بێ ساڵ)، ئایدیۆلۆژیا، و. نیما لوقمان، بەرهەمی ماڵپەری ڕێکخراوی ئازادبوون بۆ تواناسازی و تاگەرایی.
- ڤاسیلیەڤا ی. ئی، (٢٠٠٩)، کوردستانی خوارووی ڕۆژهەڵات لەسەدەی حەڤدەوە تا سەرەتای سەدەی نۆزدە، کورتەیەکی مێژووی میرنشینانی کوردییەکان ئەردەلان و بابابەوە، و. ڕەشاد میران، چاپی دووەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.
- ڤلادیمێر، مینۆرسکی، (٢٠٠٧)، بنەچەکانی کورد و چەند وتارێکی کوردناسی، و. نەجاتی عەبدوڵا، بەرگی یەکەم، مەکتەبی بیر و هۆشیاری (ی.ن.ک)، سلێمانی.
- کوردۆێیف، قەناتی کلاسۆڤیچ، (٢٠٠٦)، کوردناسی، و. ڕەوف حەسەن، وەزارەتی ڕۆشنبیری، خانەی وەرگێران، سلێمانی.
- کۆمەڵێک نووسەر، (٢٠٠٨)، کوردناسی ڕووسیا و یەکێتی سۆڤیەت: چەند وتارێکی کوردناسی، و. ئەنوەر قادر محەمەد، بەرگی (١،٢،٣)، بنکەی ژین، سلێمانی
- کۆمەڵێک نووسەر، (٢٠١٦)، فۆکۆ فەیلەسوفی هۆڵی هەشتەم، و. شاهۆ سەعید، زەنجیرە پرۆژەی دەزگای سەردەم، ژمارە (٣)، سلێمانی
- کۆمەڵێک نووسەر، (٢٠١٩)، ئۆریانتالیزم Orientalism، و. خالید تۆفیق، شوان ئەحمەد و کارزان کاوسێن، زەنجیرە پرۆژەی ژمارە (٢٠) دەزگای ئایدیا، سلێمانی.
- کۆمەڵێک نووسەر، (٢٠٢١)، کوردستان و کورد کۆوتاری کوردناسانی سۆڤیەت و ڕووسیا، و. جەبار قادر و مەنسور سدقی، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

- کۆمەڵێک نووسەر، (٢٠٢٣)، ئایدیۆلۆژیا، و. کۆمەڵێک وەرگێر، دەزگای ئایدیا، زەنجیرە پرۆژەی ژمارە (٥٠)، سلێمانی.
- گرامی، ئەفراسیاب، (بێ ساڵ)، ئاخێوی (گفتمان) ڕۆژهەڵاتناسی.
- لازاریف، م.س، (٢٠١٣)، کێشەی کورد، و. ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، ناوەندی ئاوێر، هەولێر.
- مستەفا، ئارام عەلی، (٢٠١٩)، دەرکەوتنی زانستی کوردناسی لە ڕووسیا لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدە، گۆڤار (زانکۆ سلێمانی)، ژمارە (٥٩) کانوونی دووەم، سلێمانی.
- مینتیشاشڤیلی. أ.م، (٢٠٠٨)، کورتەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیری و گوزەران، و. عیزەدین مستەفا رسول، چاپی دووەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.
- مینۆرسکی، ڤلادیمێر، (١٩٨٤)، کوردناسی تێبینی و وردبوونەوە، و. حەمەسعید حەمەکریم، چاپخانەی زانکۆی سەلاح الدین.
- نیکیتین، بازیل، (٢٠٠٤)، کوردناسی و کۆمەڵێک وتار، و. نەجاتی عەبدوڵا، بەرگی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
- هاوڕاز، کاوە مستەفا، (٢٠٠٣)، ڕۆژهەڵاتناسی لە نێوان ستراتیژی داگیرکاری و ئایدیۆلۆژیا سەمدا، تەفسیر، هەولێر.
-لازاریف، م.س، (١٩٨٩)، کێشەی کورد ١٨٩٦-١٩١٧، و. کاوس قەفتان، بەرگی یەکەم، مطبعة الجاحظ، بغداد.

**دووەم: بە زمانی عەرەبی:**

- البامرني، مێڤان عثمان محمد حسن رشيد، (٢٠٠٨)، سياسة الاتحاد السوفيتي تجاه الحركة القومية الكوردية التحررية في كوردستان الجنوبية ١٩٤٥-١٩٨٥، توێژینەوە عدد (٤٠) هەولیر.
- رسول، فاضل، (٢٠٠٨)، كردستان و السياسة السوفيتية في الشرق الاوسط، ترجمة. غسان نعسان، مكتب الفكر و الوعي في الاتحاد الوطني الكردستاني، سليمانية.
- هاول. ناشانيل ويلسون، (٢٠٠٦)، الكورد و الاتحاد السوفيتي، ترجمة، ظياء الدين المرعب، مطبعة ايلاف، بغداد.
- الاشرف، صالح محمد حسن، (٢٠١٦)، الاستشراق مفهومه وآثاره، جامعة الإمام محمد بن سعود الاسلامية، كلية الشريعة، قسم الثقافة.
- نيكيتين، باسيل، (١٩٥٨)، اصلهم، تاريخهم، مواطنهم، عقائدهم، عاداتهم، ادابهم، لجهاتهم، قبائلهم، قضياهم، ترائف عنهم، ترجمة و المقدمة. لوسين ماسينيون، دار الروائع، بيروت.

**سێیەم: بە زمانی ئینگلیزی:**

- Amir Hassanpour, (1992), Nationalism and Language in Kurdistan, 1918-1985, Mellen Research University Press San Francisco.
- Marx, Karl, and Angels, Friedrich, (1998) The German Ideology, New York.
- Karimi, Jalil and Mahmoodi, Karim, (2015), Dismantling Kurdish Texts: An Orientalist Approach, in Contemporary Review of the Middle East.

- Hayes, Mateos Glen, (2020), The Soviet Connection Russian Orientalism's
Long March 1800-1930, A Thesis Submitted for the Degree of Master of Arts in The Department of History, University of Tenneses.
- Morrison, Alexander, (2009), Applied Orientalism's in British and Tsarist Turkestan, School of History, University of Liverpool.
- Clemence, Calbert and Marie Le Ray, (2006), Knowledge, Ideology, and Power, Deconstructing Kurdish Studies, European Jornal of Turkish Studies.
- Leezenberg. M, (2011), Soviet Kurdology and Kurdish Orientalism, University of Amsterdam.
- Omarkhali, Khanna and Mossaki, Nodar, (2019), A History of Russian Kurdology: With a Brief Literature Overview, Freie University, Berlin and Institute of Oriental Studies of the Russian Academy.
- Sarver, Akobirova, (2022), Complex Orientalism: Soviet Kurdology and Kurdish Nation Building, Magister, (M.A), University of Glasgow.

resources
First: In Kurdish:
- Edward Said, (2018), Orientalism, w. Mohsin Ahmad Omar, Mali Wafaee, Erbil.
- Qadir, Zakaria, (2018), Kurdology, and Salah Bahrami, Tehran Printing House, Iran.
-Jalil, Jalil, (1987), Kurdish Uprising of 1880, p. Kaws Qaftan, W., Kaws Qaftan, Al-Zaman Printing House, Baghdad.
- Hamad, Paywand Mohammed, (2024) Reflection of historical materialism on Kurdish historian, PhD thesis, Department of History, Soran University.
- Sindhi, Badrkhan, (2008), Kurdish Society in the View of Orientalism, w. Ismail Ibrahim Saeed, Mukriani Publishing House, Khani Printing House, Duhok.
- Shakeli, Amjad, (2021), A Review of the West and Oriental Studies, Renown Center, Moderate Thought Project (61), Sulaimani.
- Abdullah, Shakhawan, (2025), Role of the Kurdish Department at the St. Petersburg Institute in the field of research in Kurdish history, 1959-1985, Journal (University), Salahaddin University.

- Osman, Hardi Hama Saeed, (2022), Kurdish Personality in the View of Kurdologists of Russia and the Soviet Union 1850-1939, Master, Department of History, Sulaimani University.
- Fatah, Media Ibrahim and Aziz, Hiwa Ahmad, (2023), Principles of Critical Discourse Analysis by Norman Fairclave, University Journal, Volume 27, No. 8, Salahaddin University.
- Franco, Dino, (no year), Ideology, w. Nima Luqman, product of the website of Azadbun Organization for Empowerment and Individualism.
- Vasilieva Y. E, (2009), Lower East Kurdistan from the Seventeenth Century to the Early Nineteenth Century, A Brief History of the Kurdish Emirates from Ardalan and Babab, w. Rashad Miran, 2nd edition, Aras Publishing House, Erbil.
- Vladimir, Minorsky, (2007), Kurdish origins and some articles on Kurdish studies, w. Najaty Abdullah, Volume 1, Bureau of Thought and Consciousness (YNK), Sulaimani.
- Kurdoev, Kanati Klasovich, (2006), Kurdnasi, w. Rauf Hassan, Ministry of Culture, Translation House, Sulaimani.
- 2008, Kurdish Studies of Russia and the Soviet Union: Some Articles of Kurdish Studies, w. Anwar Qadir Mohammed, Volumes (1,2,3), Zhin Center, Sulaimani
- A Collection of Writers, (2016), Foucault the Philosopher of the Eighth Hall, w. Shaho Saeed, Sardam Foundation Project Series, No. (3), Sulaimani
- A Collection of Writers, (2019), Orientalism Orientalism, w. Khalid Tofiq, Shuan Ahmad and Karzan Kawsen, Project Series No. (20) Idea Foundation, Sulaimani.
- Komalek Nusra, (2021), Kurdistan and Kurds. Jabar Qadir and Mansour Sadqi, Kurdish Academy, Erbil.
- A Group of Writers, (2023), Ideology, w. A Group of Translators, Idea Foundation, Project Series No. (50), Sulaimani.
- Grammy, Afrasiab, (No Year), Akhewi (Gftman) Orientalism.
- Lazarev, M.S., (2013), Kurdish Problem, w. Ahmad Mohammed Ismail, Awer Center, Erbil.
- Mustafa, Aram Ali, (2019), The Emergence of Kurdish Studies in Russia in the Middle of the Nineteenth Century, Journal (Sulaimani University), No. (59) December, Sulaimani.

- Mintishashvili. A.M., (2008), Summary of Social, Economic, Cultural and Welfare Relationships, p. Ezadin Mustafa Rasul, 2nd edition, Khani Printing House, Duhok.
- Minorsky, Vladimir, (1984), Kurdish Studies Notes and Reflection, w. Hama Saeed Hamakarim, Salahuddin University Press.
- Nikitin, Basil, (2004), Kurdish Studies and Some Articles, w. Najaty Abdullah, Volume 1, Shvan Printing House, Sulaimani.
- Hawraz, Kawa Mustafa, (2003), Orientalism between occupation strategy and ideology, Tafsir, Erbil.
-Lazarev, M.S., (1989), The Kurdish Problem 1896-1917, p. Kaws Qaftan, Volume 1, Al-Jahz Printing House, Baghdad.

Second: In Arabic:
- Al-Bamrni, Mevan Osman Mohammed Hassan Rashid, (2008), Policy of the Soviet Union towards the Kurdish National Liberation Movement in South Kurdistan 1945-1985, Research No. (40) Erbil.
- Rasool, Fazel, (2008), Kurdistan and Soviet Policy in the Middle East, translation. Ghassan Nassan, School of Thought and Awareness in the Kurdistan National Union, Sulaimani.
- Howl. Nachanel Wilson, (2006), Kurds and the Soviet Union, translation, Zia al-Din al-Marab, Eilaf Publishing House, Baghdad.
- Al-Ashraf, Saleh Mohammed Hassan, (2016), Al-Ishraq Concept and Effect, Imam Mohammed Bin Saud Islamic University, Faculty of Sharia, Department of Culture.
- Nikitin, Basil, (1958), Aslam, their history, their country, their beliefs, their customs, their manners, their aspects, their tribes, their cases, their descriptions, translation and introduction. Lucien Massinion, Dar al-Ruai, Beirut.

Third: In English:
- Amir Hassanpour, (1992), Nationalism and Language in Kurdistan, 1918-1985, Mellen Research University Press San Francisco.
- Marx, Karl, and Angels, Friedrich, (1998) The German Ideology, New York.
- Karimi, Jalil and Mahmoodi, Karim, (2015), Dismantling Kurdish Texts: An Orientalist Approach, in Contemporary Review of the Middle East.
- Hayes, Mateos Glen, (2020), The Soviet Connection Russian Orientalism's

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٣

Long March 1800-1930, A Thesis Submitted for the Degree of Master of Arts in The Department of History, University of Tenneses.

- Morrison, Alexander, (2009), Applied Orientalism's in British and Tsarist Turkestan, School of History, University of Liverpool.
- Clemence, Calbert and Marie Le Ray, (2006), Knowledge, Ideology, and Power, Deconstructing Kurdish Studies, European Jornal of Turkish Studies.
- Leezenberg. M, (2011), Soviet Kurdology and Kurdish Orientalism, University of Amsterdam.
- Omarkhali, Khanna and Mossaki, Nodar, (2019), A History of Russian Kurdology: With a Brief Literature Overview, Freie University, Berlin and Institute of Oriental Studies of the Russian Academy.
- Sarver, Akobirova, (2022), Complex Orientalism: Soviet Kurdology and Kurdish Nation Building, Magister, (M.A), University of Glasgow.